# ئەزموونگەرایی دەقی والا لە شیعری شێرکۆ بێکەس- دا ، (سروودە بەردینەکان) و (کورسی) بەنموونە

**فەرهاد قادر کەریم ، ئاری عوسمان ڕۆستەم**
بەشی زمانی کوردی ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی گەرمیان

**پێشەکی**

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: (ئەزموونگەرایی دەقی والا لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا- سروودە بەردینەکان و کورسی، بەنموونە).

**هۆی هەڵبژاردن و گرنگیی ناونیشانەکە:** سەرەکیترین هۆی هەڵبژادنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە پێشتر لەم ڕوانگەوە توێژینەوە لەبارەی شیعری شێرکۆ بێکەس نەکراوە، هەر ئەمەش دەبێتە گرنگترین خاڵی بەرچاوی ناونیشانەکە، بەدەر لەوەی لەم ڕێگەیەوە هەوڵێکی بەرایی بۆ تیۆریزەی چەمکی دەقی والا لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دراوە، کە بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو، وەك هەنگاوێکی باش سوودی بەرچاوی دەبێت.

**کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە خۆی لە گەلاڵەکردنی ئەو پرسیارە جەوهەرییەدا دەبینێتەوە، لەوەی ئاخۆ چەمکی دەقی والا لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لە چ ئاستێکدا مامەڵەی لەگەڵ کراوەو لەم بەستێنەشدا شێرکۆ بێکەس وەك داهێنەری ئەم چەمکە، چۆن توانیویەتی کار لە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە لە دەق بکات؟

**سنووری توێژینەوەکە:** سنووری ئەم توێژینەوەیە هەریەك لە دەقی والای (سروودە بەردینەکان) و (کورسی) لەخۆدەگرێت، بەوپێیەی هەردوو دەقەکە لە هەوڵە بەراییەکانی شاعیرن لە ئەزموونی شیعریی شاعیردا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی کارکردن لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە (ڕەخنەی شیکاریی- مێژوویی)، لەپاڵ هەڵبژاردنی دەق بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری مەبەستە ڕەخنەییەکان.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** بەدەر لەم پێشەکییە، توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکیی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا بە سێ تەوەر باس لە چەمك و ئیشکالییەتی دەقی والا، لەڕوانگەی هەریەك لە ڕەخنەی ئەدەبیی ڕۆژئاوایی، عەرەبی و کوردییەوە، کراوە. بەشی دووەمیش تایبەتە بە شیکردنەوەی ئەزموونگەرایی دەقی والا لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا ئەمەش دیسانەوە سێ تەوەر لەخۆدەگرێت و بە سێ ئاستی جیاواز دەقە هەڵبژێردراوەکان شیکراونەتەوە، ئەوانیش: ئاستی شێوازگەرایی و سیمیۆتیکی و دواجاریش لە ئاستی بیۆگرافیدا هەردوو دەقەکە شی کراونەتەوە. لەکۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لە چەند خاڵێکدا گەلاڵەکراون و ژێدەرو سەرچاوە بەکارهاتووەکانیش بەشێوەیەکی زانستی لە لیستێکدا ڕیزکراون و پووختەی توێژینەوەکەش بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

## چەمك و ئیشکالییەتی دەقی والا

### یەکەم/ دەقی والا لە ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاواییدا

چەمکی دەقی والا زادەی بیری ڕەخنەی ڕۆژئاواییە و یەکێکە لە دەرکەوتەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئەوروپی و بەتایبەتیتریش لەگەڵ دەرکەوتنی بۆرجوازیەت و سەرهەڵدانی بنەماکانی مۆدێرنیزمدا هاتووەتەئارا، تائەوەی بەتەواوی لە بیری پۆستمۆدێرنیزمدا وەك چەمکێکی فەلسەفی خەمڵیوە، بەتایبەتیش لای هەریەك لە (جاك دێریدا، ڕۆلان بارت و میشێل فۆکۆ) بەوردیی سەرنج دەدرێت، بەڵام (سان جۆن پێرس) شاعیری فەرەنسی، توانیویەتی ئەم چەمکە فیکریی و فەلسەفییە بگوازێتەوە بۆ ناو دنیای ئەدەب و ئەمەشی بەڕوونیی لە دیوانی (ئاناباز Anabase)دا[1] بەرجەستە کردووە، کە لە (1924) نووسیویەتی. لە ئاستی تیۆریدا دەرکەوتن و ناسینی ئەم چەمکە بۆ یەکەم جارو لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەخنەگرو سیمۆلۆژیستی بە ڕەگەز ئیتاڵی

ئۆمبێرتۆ ئیکۆ (Umberto Eco)، ئەمەش کاتێك ((لە ساڵی 1958دا لە هەژدەمین کۆنفرانسی زانستیی فەلسەفیدا وتارێکی دەربارەی بەرهەمی کراوە پێشکەش کرد، کە دواتر هەر ئەم وتارە بوو بە ناوەڕۆکی کتێبێکی بە ناونیشانی opera aperta))[2]، کە بە واتای (دەقی کراوە)یان (بەرهەمی کراوە) دێت. بۆیە هەر توێژینەوەیەك لەم بارەوە بکرێت، بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەر سەربارو بۆچوونێکی نوێ، پشت بە دیدگای تایبەتی ئیکۆ دەبەستێت. دەقی کراوە، وەکوو زاراوەو چەمکێکی ڕەخنەیی، بەلای ئیکۆوە بە تەنها لە چوارچێوەی ئەدەبدا باسی لێنەکراوە، ((بەڵکوو دەچێتە سەر چەندین بواری دیکەی وەك مۆسیقاو هونەری شێوەکاری و تەلارسازی و تەلەفزیۆن و چەندین بواری تری پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ...))[3] ئیکۆ لە کتێبەکەیدا بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی دەقی والا، جەخت دەکاتە سەر ((ژمارەیەك لەو کارە مۆسیقییە کلاسیکییانەی دانەرەکانیان ئازادییەك بە مۆسیقاژەنەکان دەبەخشن، کە لە چەند بەشێکی سەمفۆنیاکەدا ئازادبن لە ڕێکخستنی هارمۆنیای ژەنیندا.))[4] لەم دەرکەوتنەی چەمکەکەدا، بوونی ئازادیی لای بەرهەمهێنی ئەدەبی و هونەری، مەرجی سەرەکییە لە چۆنێتیی داهێنانی بەرهەمێکی کراوەدا. لە ئاستی ئەدەبیشدا، وەك بەشێك لە هونەرەجوانەکان، ئیکۆ دێت باس لە کۆمەڵێك دەقی ئەدەبیی شاکار دەکات، کە لە تێڕوانینی ئەودا وەك دەقی والا هەژمار کراون، بۆنموونە ((لە ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسی ئیرلەندی جیمس جۆیس دەکۆڵێتەوە، بەتایبەتی نموونەی ڕۆمانی (ئۆلیسیس) دەهێنێتەوە، پاشان هەندێك لە شانۆنامەکانی برێخت و نموونەی تێکستە شیعرییەکانی ڤێرلین و مالارمێ وەك دەقی کراوە پێشکەش دەکات، بەتایبەتی دەقی (وەرزێك لە دۆزەخ)ی شاعیری تازەگەری فەرەنسی ئارسەر ڕامبۆ.))[5] بەشێوەیەکی گشتی ئیکۆ دوو جۆر لە دەق دەستنیشان دەکات و پێیوایە، دەق یان کراوەیە یان داخراوە، هەرچی دەقی داخراوە ((پێشاندەری دەقێکە، کە تێیدا ئەزموونی خوێندنەوە، ئەزموونێکی بەرتەسك و سنووردارە، لەکاتێکدا دەقی کراوە، دەرەتانی کۆمەڵێك ڕاڤەی جۆراوجۆر دەڕەخسێنێ.) )[6] لێرەوە تێگەیشتنی ئیکۆ بۆ دەقی والا، چڕدەبێتەوە لەو ((چۆنێتییەی دەقەکەی لەسەر بەرهەم هێنراوە، کە هەر ئەو چۆنێتیی بەرهەمهێنانەیە، خودی چۆنێتییەکەیمان بۆ دەستنیشان دەکات، ئەوەی کە ئێمە وەك وەرگر ئاواتمان بۆی خواستووە، کە بەوشێوەیە بێت.))[72] کەواتە لە ئاستی (وەرگر/ خوێنەر)دا، دەقی والا بریتییە لە دەرئەنجامی ئەو کارلێکەی لەنێوان وەرگرو کاری هونەریی دێتەئاراوە، ئەمەش ئەوکاتە ڕوودەدات، کە وەرگر لە هەوڵی دۆزینەوەو تێگەیشتنی پەیوەندییەکانی کارەکەدایە و لە ڕێگەی ڕۆشنبیریی دیاریکراو و چێژو ئارەزوو و داوەریە پێشوەختەکان و لە ڕوانگەیەکی تایبەتییەوە، دەگاتە ئەنجام.[38] بەم تێگەیشتنەش ئەوا دەقی والا، پەیوەستە بە پرسی جۆری وەرگرو تاکڕەهەندێتیی خوێندنەوەو لێکدانەوەوە، واتە دەقی والا خوێندنەوەی والامان بۆ دەڕەخسێنێت، کە هێندەی ژمارەی خوێنەرانی ئەم دەقە خوێندنەوەی جۆراوجۆرو کاریگەریی ئەم خوێندنەوانە دروست دەکات و تێگەیشتنی دیکە و بەربلاوتر دەهێنێتە کایەوە، بەوپێیەی کە دەروازەی کۆمەڵێك بابەت و لێکدانەوەو شرۆڤەی جیاوازو زۆرترمان لەبەردەمدا دەکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە، هەر لە ڕەخنەی ئەوروپیدا ئەم چەمکە دەگوازرێتەوە بۆ پەیوەندیی لەگەڵ (ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر) لە تیۆری (ئیستاتیکای وەرگرتن)دا، کە هەردوو ڕەخنەگری ئەڵمانی (هانس ڕۆبێرت یاوس) و (وۆڵفگانگ ئایزەر) دایانهێناوەو ((لەڕاستیدا ئەم دوو ڕەخنەگرە بیرۆکەی تیۆری وەرگرتن و ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەریان لە چەمکی دەقی کراوەی ئیکۆوە وەرگرتووە))[4] کە تێیدا بایەخی سەرەکیی بە خوێندنەوەو خوێنەر دەدرێت، بەومانایەی لەم تیۆرەدا ((خوێنەر تەوەری سەرەکیی پێکدەهێنێت، گرنگترین ڕەگەز لە پرۆسەی ئەدەبیدا و لە کارلێکی نێوان (نووسەر- دەق- خوێنەر) بریتییە لە بەشداریی کاریگەری خوێنەر/ وەرگر لە داڕشتن و بەرهەمهێنانەوەی مانادا.))[5] کەواتە تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن، دەقی والا پەیوەست دەکات بە شێوازی ڕاڤە و تەئویلی دەقەوە، واتە لەبنەڕەتدا ((مانای زاراوەکە ئەوە نییە، کە تێکستەکە تەواونەکراوەو کۆتاییەکی کراوەی هەیەو خوێنەر خۆی دەتوانێت تەواوی بکات... هەروەها بەومانایەش نایەت، کە کۆمەڵێك ژانری ئەدەبی لە تێکستێکدا کۆبکرێنەوەو ناوی لێ بنرێت دەقی کراوە یان تێکستی والا.))[6] بەڵکوو دەقی والا ((هەموو ئەو تێکستانە دەگرێتەوە، کە هەڵگری فرەیی مانا و فرەیییە لە دەرکەوتندا، بەبێ ئەوەی وابکەوێتەوە، کە خۆی نەبێت.))[7] لەڕوانگەی تێگەیشتنی (جۆن سترۆك)هوەو بەتایبەت کاتێك وەسفی بۆچوونی (ڕۆلان بارت) دەکات، لەبارەی دەقی والاوە، دەڵێت: ((کۆتاییهاتن لە سنوورێکی دیاریکراودا جووڵە پەك دەخات و وادەکات دەق لە شوێنی خۆیدا بخوولێتەوە.))[1] هەروەها دەبینین لای هەریەك لە (ڕۆلان بارت و جاك دێریدا) بەرانبەر بە تێگەیشتن لە چەمکی دەقی والا، ((نووسین یان نووسینی دەقێتی بەکارهاتووە، کە مەبەست

لەو دەقانەیە، نە بەتەواوی شیعرن و نە چیرۆك، بەڵكوو نووسینێكی نوێیەو سەربەستە لەوەی لە كام ژانرەوە هەندێ لە توخمەكانی وەردەگرێ بۆ دەربڕینی هزر و ڕوانین و فەنتازیا و خەیاڵ.))[2]

**دووەم/ دەقی واڵا لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا**

هەندێك لە ڕخنەگرانی ئەدەبی عەرەبی، بۆ دیاریكردنی چەمكی دەقی واڵا، دەگەڕێنەوە بۆ لای هەندێك دەق لە ئەدەبی كۆنی عەرەبیدا، كە لەڕاستیدا زیاتر دەقگەلێكن لە چوارچێوەی چەمكی تێكەڵبوونی ژانرەكاندا بەرچاو دەكەوێت*، دەنا تێگەیشتنی ئەمرۆییانە لە بارەیەوە، دەگەڕێتەوە بۆ كاریگەربوونی ئەدەبی عەرەبی بە ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوایی، بەتایبەت پاش ئەوەی لە سالانی حەفتای سەدەی ڕابردوودا كۆمەڵێك شاعیر هەوڵیاندا لەڕێگەی پراكتیزەی دەقی واڵاوە، نوێگەرییەك لە شیعری عەرەبیدا بەرپا بكەن، بۆیە ((ناتوانین دەركەوتنی ئەم فۆرمە لە شیعر، بە بەرهەمی هیچ جۆرە پێشكەوتنێكی دیاریكراوی سەر گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی عەرەبی لەقەڵەم بدەین، بەڵكوو بەرئەنجامی بەركەوتنە لەگەڵ ڕۆشنبیریی بۆرجوازیی و بیری پۆستمۆدێرنیزمی ڕۆژئاوایی.))[3] لە سەرەتاكانی دەركەوتنی ئەم چەمكە لە ئەدەبی نوێی عەرەبیدا، زیاتر وەك فۆرمێك لە فۆرمەكانی پەخشانەشیعر (قصیدە النثر) تەماشاكراوە، تەنانەت تائێستایش لای زۆربەی ڕەخنەگرانی عەرەب، لەڕووی بونیادی تیۆرییەوە، وەك چەمكێكی ڕەخنەیی ئاڵۆزو گرفتئامێز لێی دەڕوانن و زۆرجاریش بە تێكەڵبوون یان ئاوێزانبوونی ژانرە ئەدەبییەكان لەقەڵەمی دەدەن. هەموو ئەمانەش ئەوە پشتڕاست دەكەنەوە، كە چەمكی دەقی واڵا زادەی بیری ڕەخنەیی عەرەبی نییە. لەم ڕوانگەوە دەقی واڵا لە ئەدەبی عەرەبیدا هێشتا بەتەواوەتی نەچەسپیوە، هەروەك (فارس ئەلفایز) دەڵێت: ((دەقی واڵا، تا ئەم چركەساتە لە دۆخی كۆرپەلەییدایە و بەرەو پێكهاتن و دەركەوتنی سیمای ڕوونی خۆی هەنگاو دەنێت، بەوپێیەی ئەم چەشنەی نووسین لە پراكتیكدا سنووردارەو بەئاسانی پێناسە ناكرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دان بەوەدا بنێین، كە پێویستییەكی قۆناغەكەیەو بە حوكمی ئاوێتەبوونی مرۆڤایەتیی لەسەر هەموو ئاستەكان، هەر دەبێ ئەم چەشنەیش لە ئەدەبدا خۆی بسەپێنێت.))[4]

یەكەمین دەركەوتنی ئەزموونكراوی دەقی واڵا لە ئەدەبی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ (ئەدۆنیس)[1] كە توانیویەتی لە دیوانی (مفرد بصیغة الجمع)[2]، لە ساڵی 1977دا بەرهەمی بهێنێت، دیارە ئەمەش بەكاریگەریی (سان جۆن پێرس)ی فەرەنسی بووە، كە دواتر هەر خودی ئەدۆنیس خۆی، كۆی بەرهەمە شیعرییەكانی لە فەرەنسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، دیارە پێشتریش شارەزایی لەو بوارەدا هەبووە، یان هیچ نەبێت ئاگاداری ئەو ئەزموونە بووە. لەلایەكی ترەوە (خەزعەل ئەلماجیدی) توانیویەتی بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ تیۆریزەی دەقی واڵا بكات، ئەویش لە كتێبەكەی خۆیدا بە ناونیشانی (العقل الشعري)، كە بریتییە لە كۆششی ڕەخنەیی سی ساڵی نێوان (1974- 2004)، كە بە دوو بەرگ چاپ و بڵاوی كردووەتەوە.[3] هاوكات لە چوار بەرگی شیعریشدا كۆمەڵێك دەقی واڵای بەرهەم هێناوە، وەك: (گۆچانەكەی ڕامبۆ، مارو پەیژە، هێلی پەڕینەوە، گەرماوی ژنان لە كەركووك، ڕكوكو، فیلمێكی زۆر درێژ)، هەموو ئەمانەش لە دووتوێی چوار بەرگی شیعریدا بەناونیشانی (خەزائیل) بەچاپی گەیاندووە.[4] ئەلماجیدی زۆر بەوردیی لەبارەی بنەما مێژووییەكانی سەرهەڵدانی دەقی واڵا لە ئەدەبی عەرەبیدا دەدوێت، هەروەها تایبەتمەندیی و خەسڵەت و فۆرمەكانی ئەم جۆرە لە دەق دەستنیشان دەكات، ئەو پێیوایە ((دەقی واڵا دابڕانێكی گشتگیرە لە چەمك یان فۆرمی قەسیدە، ڕاگەیاندنی كۆتایی سەردەمی قەسیدەیە و سەرەتای لەدایكبوونی چەشنێكی نوێیە، كە ئەویش شیعری دەقە، یان دەقی ئەو شیعرەی كە لەڕووی زاراوەییەوە بە دەقی واڵا ناوی دەبەین.))[5] بەم پێودانگە، ئەلماجیدی شێوازی نووسین و میكانیزمی داهێنانی دەقی واڵا دەستنیشان دەكات و دەڵێت: ((دەقی واڵا نووسینی شیعر بە دوو شێواز لە ڕێگەی پەخشانەوە- لەخۆدەگرێت، ئەوانیش: هەڵوەشاندنەوەی ڕیتمی كێشدارو لەئامێزگرتنی شێوەی پەخشان و ڕێساكانی بونیادنانی.))[6] لەلایەكی تریشەوە هەر ئەم ڕەخنەگرە پێی وایە، دەقی واڵا ((هەوڵێكە بۆ كۆكردنەوەو نمایندەی سەرجەم جۆرەكانی ژانری شیعریی لەڕێگەی پەخشانەوە، لەهەمان كاتیشدا خۆی لەخۆیدا بریتییە لە یەك جۆری دیار و بێسنووری شیعر.))[7] هاوشانی ئەم بۆچوونانە، چەندین ڕەخنەگری تریش بۆچوونی تایبەتی خۆیان لەم ڕووەوە پێشكەش كردووە، وەك (سائیر ئەلعەزاوی)، كە پێیوایە دەقی واڵا ((بەرهەمێكی ئەدەبییە، تەكنیكەكانی گێڕانەوەی زمانی شیعریی لە بەرزترین ئاستی چڕبوونەوەدا بەكاردەبات و بەمەش لە پەخشانەشیعر جیادەبێتەوە.))[7]

هەروەها (عەبدولمەلیك مورتاز) لەبارەی دەقی واڵاوە دیدگای تایبەتی خۆی مەزراندووە، بەوەی كۆمەڵێك تەكنیكی بۆ دیاری كردووە، بەوەی دەڵێت: ((نیشانەی دەقی واڵا لە ئەدەبی عەرەبیدا بریتییە لە تەكنیكی بازنەیی/ الدائرية- Circularite*))[1]، لەگەڵ

ئەوەشدا ناوبراو پێیوایە ئەم جۆرە لە دەق، هێشتا بەتەواوەتی خۆی بەدەستەوە نەداوەو خاوەنی شوناسێکی ڕوون نییە. هەر پەیوەست بە پرسی تەکنیك و بونیاد، ئەوا دەق والا بریتییە لەوجۆرە دەقەی کە (سوود وەردەگرێت لە هەموو تەکنیکەکانی ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکان، هەروەها سوود لە هەموو ڕووناکییەکی فیکریی و واقیعی وەردەگرێت، ئەمەش بەوپێیەی ئەم جۆرە لە دەق بۆماوەی پەرەسەندن و دەسکەوتە جیاجیاکانی بواری ئەدەب و ڕۆشنبیرییە.))[2] زۆرجار ئەم جۆرە لە بەرهەمی ئەدەبی لە نێوەندی ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا بە (دیوانی گێڕانەوەبەندیی)یش ناودەبرێت، کە تێیدا بەهۆی ئاوێتەبوونی شیعرو پەخشانەوە، ((قەسیدەکان بەپێی سیستمی حیکایەتخوانی ئاوێتەی یەکتر دەبن.))[3] بۆیە دەبینین ڕەخنەگری وەك خەزعەل ئەلماجیدی لەم بارەوە دەڵێت: دەق والا ((پێویستییەکی گەورەی بە کەسێتیی بگێڕەوەی داستانئامێز هەیە.))[4] بەم چەشنە دەق والا لە تێڕوانینی ڕەخنەی عەرەبیدا دەبێتە جۆرێك لە ((دەق بێ فۆرم، بەومانایەی لە پێکهاتەی خۆیدا بونیادی شیعری و گێڕانەوەیی لەخۆدەگرێت و بەسەر مەعریفیی و شێوەگەریدا دەکرێتەوە، هەروەك داستانئامێز بە درامی، ئەفسانەیی بە واقیعییەت، فانتازی بە سرووشتی و تایبەتی بە گشتی و... پێك دەگەیەنێت.))[5] بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی تێڕوانینە عەرەبییەکە لە تێڕوانینە ڕۆژئاواییەکە لەبارەی تێگەیشتن لە چەمکی دەق والا جیادەکاتەوە، خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە، گرنگترینیان بریتییە لە:

1. دەق والا لە ڕەخنەی ڕۆژئاواییدا هەردوو ژانری شیعر و پەخشانیش دەگرێتەوە، لەکاتێکدا لە ڕەخنەی عەرەبیدا کاتێك باس لە دەق والا دەکرێت، زیاتر مەبەست لە دەقی شیعرە، نەك پەخشان.
2. دەق والا لە ڕەخنەی ڕۆژئاواییدا لە پەیوەندیدایە لەگەڵ تیۆری ئیستاتیکای وەرگرتن، کە دەسەڵاتی وەرگر/ خوێنەر لە تەئویلکردنی دەقدا زەق دەکاتەوە، لەکاتێکدا دەق والا لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا زیاتر نزیکە لە پرسی تێکەڵبوونی ژانرە ئەدەبییەکانەوە.
3. هەر لە ڕوانگەی خاڵی پێشووەوە، دەق والا لە ئەدەبی ڕۆژئاواییدا ڕەهەندێکی فیکری- فەلسەفی بەخۆوەگرتووە، کەچی لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا ئەوەندەی لە باسکردنی ئەم چەمکەدا گرنگی بە هەندێ لایەنی بونیادی و تەکنیکی و شێوازگەریی دەدرێت، ئەوەندە توخنی پرسە فیکری- فەلسەفییەکەی ناکەوێت.
4. دەق والا لە ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاواییدا وەك چەمکێکی ڕەخنەیی شکڵگرتوو جێگر بووە، بەڵام لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا هێشتا وەك چەمکێکی ئاڵۆز لێی دەڕوانرێت و هەوڵێکە، کە قۆناغی ئەزموونگەرایی تێنەپەڕاندووە.

## سێیەم/ دەق والا لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

پێش ئەوەی باس لە ناوەڕۆکی چەمکی دەق والا بکەین، پێویستە سەرەتا ئاماژە بە کێشەی زاراوەکە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بدەین، چونکە ئەمەش وەك زۆر تێرمی تری ڕەخنەیی جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆیە، ئاشکرایە تێگەیشتن لە هەر زاراوەیەکیش بەشێکی زۆری تێگەیشتن لە خودی چەمکەکەی بەردەست دەخات.* بۆ لێکدانەوەی واتای وشەی (والا)، لە فەرهەنگی هەمبانەبۆرینەدا هاتووە: ((والا، ئاواڵە، ئاوەڵا: وەکری، کریاوە، گوشاد))[1]، کە سەرجەمیان وشەگەلی دژ بە (داخران و داخراو)ین، بەمەش لەڕووی بەکارهێنانی فەرهەنگی و زمانییەوە جیاوازییان نییە و کاریگەریی لەسەر ناوەڕۆکی واتاکە وەك چەمکێکی ئەدەبی جێ ناهێڵن، بەڵام لە فەرهەنگی (کوردستان)ی گیوی موکریانیدا واتای وشەکە (والا)[2] بە (کاڵا، پارچە، ئاڵ و والای بووکی، پارچەی ئاوریشمی)) لەپاڵ (ئاوەڵە، بەتاڵ، سەرنەپۆشراو، خوشك)دا لێك دراوەتەوە. (د.فوئاد ڕەشید)یش لە کتێبی (دەقی ئەدەبی ئەدگار چێژ بەها)[3] لە لێکدانەوەی واتای فەرهەنگیی والادا، پێیوایە بەدەر لە (کراوەو دژی داخراو)، واتای (ڕەنگاوڕەنگی و هەمەجۆر)یش دەگەیەنێت، هەرچەندە لەڕاستیدا (والا) کاتێك ئەو واتایە دەبەخشێت، کە لەگەڵ وشەی (ئاڵ)دا وشەیەکی لێکدراو دروست دەکەن و پێکەوە دەبنە (ئاڵووالا).[4] ئینجا ئەو (والا)یەی لە وشەی لێکدراوی (ئاڵووالا)دا هەیە، هاوبێژە، چونکە لەهەمان کاتدا واتای (بێژەن، کەتان- پارچەی تەنك بۆ دابێژان)یش دەگەیەنێت.[5] بۆیە کاتێك لەگەڵ وشەی (ئاڵ: کە ڕەنگی سووری کاڵە)، لێك دەدرێن، واتای ئەو پارچە کوتاڵە سوورە تەنکە دەبەخشێت، کە بۆ زۆر مەبەست بەکاردەهێنرێت، بەمەش وشەی (والا) گۆڕانی واتایی بەسەردا هاتووە، بۆیە لەئێستادا خۆی بە تەنها، واتای (کراوە) دەگەیەنێت. وێڕای ئەمانە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا (والا) بە واتای (هەمەجۆری) بەرچاو ناکەوێت. لەگشت بارێکدا و لێرەدا دەستەواژەکانی (دەق والا/ دەق کراوە)،

وەك هاوواتای یەك وەردەگرین بەرانبەر بە چەمكە ڕەخنەییەكە و پێمانوایە هیچ گرفتێكی ئەوتۆ بۆ ناوەڕۆك و مەبەستەكەی دروست ناكات. سەبارەت بە خودی چەمكەكە لە ئەدەبی كوردی و تایبەتیتریش لە شیعری كوردیدا، ئەوا (شێركۆ بێكەس) یەكەم كەسە، كە زاراوەی (دەق یان تێكستی والا)ی بۆ پێناسی دەقێكی خۆی بەكارهێنابێت* و هاوكات لەڕووی ئاستی شێوازیی و بونیادیی و دەلالیشەوە توانیویەتی دەقێكی جیاوازو نوێ بەرهەم بهێنێت.

لێرەوە وێڕای ئەوەی بەشێوەیەكی گشتیی ڕەخنەی ئەدەبی كوردی لە وەرگرتنی زۆربەی چەمك و تیۆروانینە ڕەخنەییەكاندا كەوتووەتە ژێر كاریگەری هەردوو ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوایی و عەرەبییەوە، بەڵام بەتایبەت لەبارەی چەمكی دەقی والاوە، ئەوا ڕەخنەی ئەدەبی كوردی بە پلەی یەكەم سوودی لە ڕەخنە عەرەبییەكە وەرگرتووە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی كە سەرچاوەی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی (شێركۆ بێكەس) -وەك داهێنەری یەكەمی ئەم چەمكە لە ئەدەبی كوردیدا- زمانی عەرەبی بووە، هەروەك خۆی لە چەندین بۆنە و شوێندا ڕاشكاوانە ئەمەی دووپات كردووەتەوە.* لە ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا دەقی والا وەك چۆن لەڕووی پراكتیكییەوە (تائێستا) تەنها لە ئەزموونی شیعری یەك شاعیرماندا پراكتیزە كراوە، لەڕووی تیۆریشەوە هەر ئاوا هێشتا نەخەمڵیوەو سنوور و تەكنیك و شێوازی بونیاد و پێكهاتەكەی دیار نییە، بۆیە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ دەگەڕێینەوە بۆ تێگەیشتنە عەرەبییەكە لەبارەی دەقی والاوە، كە وەك ئاماژەمان پێدا زیاتر لە پرسی تێكەڵبوونی ژانرە ئەدەبییەكانەوە نزیكەو بەمەش دووردەكەوینەوە لە تێگەیشتنە ڕۆژئاواییەكەی چەمكەكە، ئەوەتا شێركۆ بێكەس، لەبارەی چەمكی دەقی والاوە دەڵێت: ((لە سادەترین پێناسەكردندا،ماڵێكە نە یەك بابەت و نە یەك فۆرمی دیاریكراوی تیا ناژی، هیچ كام لە شیعرو چیرۆك و پەخشان و پەخشانەشیعر و شانۆنامە خاوەنی هەموو ماڵەكە نین، بەڵام لەهەمان كاتدا ماڵی هەمووشیانە.))(1) وەك سەرنج دەدرێت ((ئەوەی لای شێركۆ بێكەس دەبینرێت، فۆرمێكی تری تێكستی والایە، كە جیاوازە لەوەی لای ئیكۆ هەیە و لای نووسەران و ڕەخنەگرانی عەرەب دەبینرێت و تایبەتە بە تێكستی شیعریی، كە ئازادیی تەواو دەدات بە شاعیران لەكاتی نووسینی شیعردا))(2) هەروەها ڕێگە بە تێكەڵاوبوونی شیعر لەگەڵ پەخشان و پەخشانیش لەگەڵ شیعر دەدات، هەڵبەت (ئەم پێكداچوونە ئاڵۆزەی نێوان پەخشان و شیعریش لە یەك سیستمی ئەركمەندی یەكانگیری ئاگایی هونەریدا، هەر لە زووەوە پەیوەست بووە بە پرسە هەمەكییەكانی بونیادی كاری هونەرییەوە.))(3)

لێرەشەوە خوێنەر دووچاری ئیشكالییەت دەبێتەوە، كاتێك لەبەردەم دەقێكی والادا دەوەستێت، چونكە ئەو لەڕوانگەی ئاسۆی چاوەڕوانی خۆی و بەپێی ئەو پاشخان و پێدراوە كلتوورییەی لەبارەی ژانرە ئەدەبییەكانەوە هەیەتی، خۆی بۆ خوێندنەوەی دەقەكە ئامادە دەكات، كەچی لەبارێكی وادا، نازانێت ئەوەی دەیخوێنێتەوە دەچێتە ژێر باری كام لە ژانرەكانەوە، كە بەشێوە ترادیسیۆنییەكە پۆلێن كراون، چونكە ناسینەوەی دەق لە ڕووی پێناسی ئەدەبییەوە، كارئاسانییەكی مەعریفی بۆ خوێنەر دەكات و ڕێگەی تێگەیشتنی بۆ فەراهەم دەكات، دەنا ((شەقڵی كراوەیی بەڕاستگۆیی نامێنێتەوە، تەنێ لەو تێكستانەدا نەبێت، كە لەڕێگەی ڕاڤەی جیاوازەوە وەك یەك بونیادی یەككگرتووە خۆی نیشان دەدات.))(4) هەروەها پشتبەست بەو پێناسەی سەرەوە، ئەم جۆرە لە دەق دەچێتە چوارچێوەی ئەو ناولێنانەوە، كە لە ڕوانگەی ژانرەكانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت. بەمپێیەش نابێت وا لەم چەمكە تێبگەین، كە ژانرێكی جیاوازو سەربەخۆی تێكستە و لە تەنیشت ژانرە ئەدەبییەكانی ترەوە دابنرێت، چونكە لەم نێوەندەدا جۆرێك لە دیاردەی ئەدەبیمان هەیە، كە ئەویش دیاردەی فرەژانریی و فرەڕەگەزییە لە قاوخ و چوارچێوەی یەك دەقی ئەدەبیدا، كە "لە تیۆری نوێی ئەدەبدا بە كردەی (بەنێویەكداچوونی ژانرە ئەدەبییەكان- تداخل الاجناس الادبية- Literary genres interference) ناودەبرێت."(1)

بەپێی بۆچوونی (زاهیر ڕۆژبەیانی)یش بەزاندنی سنووری ژانرە ئەدەبییەكان و تێكەڵكردنەوەیان، گەڕاندنەوەی ئەدەبە بۆ ڕۆژانی سەرەتای پەیدابوونی ئەم داهێنانە مەزنەی مرۆڤ، بە ڕادەیەك، كە تەنانەت ناوبراو بە (كارێكی ناپەسەند)یشی دەزانێت، چونكە پێیوایە هەر ژانرێكی ئەدەبی بۆ خۆی ناسنامە و كەرەستە و تەكنیك و تەنانەت ئامانجی جیاوازیشیان هەیە، كە نابێ و ناكرێ لە یەك بەرهەمی ئەدەبیدا هەموو بسڕدرێنەوە.(2) سنووری ژانرە ئەدەبییەكانیش لەسەر بنەمای كۆمەڵێك پێوەر دیاری دەكرێت، كە شكڵگیربوونی ئەو پێوەرانە ماوەیەكی زۆری خایاندووە، تا گەیشتووەتە دوا شێوەی خۆی و لەسەری جێگیر بووە، بۆیە خوێنەر لەئێستادا توانای لەسەر ناسینەوەی هەر ژانرێك بەجیا لەوی دی پەیدا كردووە، بەڵام بەهۆی ئەو پێكداچوونەی لەنێوان دەقە گێڕانەوەبەندییەكان و دەقی شیعری سەردەم بەرچاو دەكەوێت "ئەو كرانەوەو تێكەڵبوونە جیهانگیرییە، كە تێكشكانی سنوورەكانی لێكەوتووەتەوە، بەهۆی شۆڕشی بەرفرەوان و بێئامانی تەكنەلۆجیای پەیوەندییەكانەوە، دواجاریش تێكەڵبوونی چین و توێژەكانی

کۆمەڵ و نەمانی جیاوازییەکانی نێوانیان و لێکنزیکبوونەوەی کەلتورەکان و ئاوێتەبوونیان، ڕەنگدانەوەی گەورەو کاریگەری لەسەر ئەم جۆرە نزیکبوونەوەیە هەبووە، هەروەك لەسەر ژانرە ئەدەبییەکانیش کاریگەری خۆی نواندووە."[3] هەموو ئەمانە هێشتا لە چوارچێوەی ڕوانگەی ژانرە ئەدەبییەکاندا دەسووڕێتەوەو نەتوانراوە وەك تیۆریزەی کۆتایی بۆ دەق واڵا لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا قسەی لەبارەوە بکرێت.

**بەشی دووەم**

**ئەزموونگەرایی دەق واڵا لە شیعری شێرکۆ بێکەس-دا**

ئەزموونگەریی لە بواری ئەدەبیدا، پرۆسەیەکی نوێگەریی بەردەوامە، واتە شاعیر و نووسەری ئەزموونگەر، هەمیشە لە هەوڵدایە بۆ دۆزینەوە و گەیشتن بە پنتە شاراوەکانی مەعریفەو دەربازبوون لە کۆتوبەندی فۆرم و شکڵە چەقبەستووەکانی پێشین، واتە بەرهەمهێنانی دەقی ئەزموونگەرایی ((ڕوئیایەکی کاریگەرە، توانای بڕینی هەر شتێکی رووکەشانەی هەیە، کە سەرانتوێی لە ئاگایی و ژیانی ئێمەدا چەقی بەستووە.))[4] لەم ڕوانگەوە سەرنج دەدەین، شیعری شێرکۆ بێکەس، بەردەوام و هەر لە یەکەم ئەزموونی شیعرییەوە (دیوانی تریفەی هەڵبەست-1968) هەتا دەستنووسی دوا دەق واڵای بەناونیشانی (یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی-2013)[5] بە پرۆسەی ئەزموونگەرییدا تێپەڕیوە، بەشێوەیەك کە ڕەخنەگرو تەنانەت خوێنەری زیرەکیش هەست بە ئاستەکانی هەڵکشان و داکشان لە شیعری ئەم شاعیرەدا دەکات، هەروەك خۆی لە پێشەکی کۆی بەرهەمە شیعرییەکانیدا دەڵێت: ((من زۆرم نووسیوە، زۆریش بۆری تێ ئەکەوێ، ئیتر ناوبەناو لە هەڵەی زمانەوانییەوە بێ یان لە داڕشتنێکی نادروستەوە، یاخود لە لاسەنگی و لەنگیی ئاهەنگێکی شیعرەوە یان لە هەندێ دووبارەکردنەوەی زیادەوە... ... وەلێ ئەوەی نەمویست بیکەم لابردن و یان ڕاستکردنەوەیان بوو، ئەویش لەبەر هۆیەکی زۆر بچووك، بۆئەوەی وێنەی ڕاستەقینەی هەڵکشان و داکشانی خۆم، بە لاوازیی و بەهێزیمەوە، بە هەڵوێستی فیکری و سیاسی، هەندێجاریش ناکۆك لەگەڵ یەکدا، لە خوێنەرانی شیعرو میللەتەکەم نەشارمەوە...))[1] ئەگەر وردتر لە ئەزموونی ئەم شاعیرە بڕوانین، دەبینین یەکێك لە داهێنانەکانی بریتییە لە داهێنانی (دەق واڵا)* کە کاری تێدا کردووەو لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا دەچێتە چوارچێوەی ئەزموونگەراییەوە، هەرچەندە هەندێك لە ڕەخنەگران پێیانوایە قەیرانی ناولێنانی ژانری ئەدەبی لای شێرکۆ هەیە[2]، هەڵبەت ئەگەر ئەمە بۆ هەر نموونەیەك لە شیعری ئەم شاعیرەدا ڕاست بێت، ئەوا بۆ چەمکی (دەق واڵا) بەڕاست ناگەڕێت، چونکە هەر لەبنەماوە یەکێك لە سیما هەرە دیارەکانی هەر داهێنانێکی ئەزموونگەرایی خۆی لەخۆیدا هەڵگری بەشێك لە قەیرانە، واتە هەر دیاردەیەکی تازەی ئەدەبی و هونەریی لە سەرەتادا بە قەیرانەوە و لەناوقەیراندا سەرهەڵدەدات و ئەزموون دەکرێت، ((هەتا وردەوردە ئەو دیاردەیە لە پێگەی ئەزموونگەرایی دەردەچێت بەرەو خۆسەپاندن و جێگیربوون و بەمەش دەچێتە ناوچەی مەئلوفەوە.))[3] لێرەوە هەوڵدەدەین ئەزموونی شێرکۆ بێکەس لە بواری داهێنانی دەق واڵادا بخەینەڕوو، بۆ ئەمەش سێ ئاست هەڵدەبژێرین و لەڕێگەیانەوە ئامانجی توێژینەوەکە بەدی دەهێنین. لە ئاستی یەکەمدا شیکردنەوەیەکی شێوازگەرییانە بۆ هەردوو دەق واڵای (سرووده بەردینەکان-2004)و (کورسی-2005) دەکەین، لە ئاستی دووەمیشدا بەدوای دۆخی سیمیۆتیکی دەقەکاندا دەچین و دواجاریش فۆرمی ئەدەبی هەردوو دەقە واڵاکە دەستنیشان دەکەین، کە ئەویش بریتی دەبێت لە (دەق واڵای بیۆگرافی).

**تەوەری یەکەم/ ئاستی شێوازگەریی**

لەڕوانگەی ئەو بۆچوونەی کە ((شێوازگەریی پردی بەیەکگەیاندنی زمان و ئەدەبە))[4] دەتوانین لە زمانی هەر دەقێکی ئەدەبی بکۆڵینەوە، بۆئەوەی بگەین بەو شێوازەی کە بەرهەمهێنی دەق هەڵیبژاردووە تا پەیامەکەی بە وەرگر بگەیەنێت. بەم شێوەیە لە هەردوو تێکستی واڵای (سرووده بەردینەکان) و (کورسی)دا، شاعیر لەڕێگەی بتەویی زمانی شیعرییەوە، توانیویەتی شێوازێکی ئەدەبیی بەرز پێشکەش بکات، ئەمەش بووە بە دەرکەوتەیەکی زیندووی دەق بەوەی دۆخێکی نوێ لە بەکارهێنانی زمانی شیعریی تێدا بەرکەڵکخراوە.

أ- **شێوازگەریی ناونیشان:** ناونیشان گرنگیی خۆی هەیە لە ناساندنی هەر دەقێکدا، لەمەشدا ئەو شێوازەی کە نووسەر ناونیشانی بۆ دەقەکەی هەڵدەبژێرێت، ئەوەندەی تر گرنگیی پرۆسەکە بایەخدار دەکات. لەم ڕوانگەوە و بە سەرنجدان لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەس، ئەوە تێبینی دەکرێت، کە شاعیر خاوەنی توانایەکی باشە لە چۆنێتیی هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ دەقەکانی، ئەمەش

بووە بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی و پێی دەناسرێتەوە. وێکهاتنەوەی ناونیشان لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقدا تایبەتمەندییەکی بەرچاوی شیعری ئەم شاعیرەیە. هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ ئەو تێما و بابەت و ناوەڕۆکەی کە لە سیاقی دەقێکی والآدا پێشکەشی کردووە بۆخۆی جێگەی سەرنجە، بەتایبەت ئەگەر بێت و بەراوردێك بکەین لەنێوان هەردوو دەقی (سروودە بەردینەکان) و (کورسی)دا، ئەوکات دیقەت و وردبی شاعیر زیاتر دەردەکەوێت، بەوەی کە شێوازی ناونیشانی یەکەم (سروودە بەردینەکان) لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە ئاڵۆزترە، وەك لە ناونیشانی دووەم، کە تەنها یەك وشەی سادەیە، ئەمەش وادەکات، خوێنەر لەڕێگەی ناونیشانی یەکەمەوە هەست بە نەفەسێکی درێژتر بکات تەنانەت لەکاتی گۆکردنیشدا، هەمان دۆخ لە ناوکۆی دەقەکەشدا هەست پێ دەکرێت، بەوەی ئاوێتەکردنێکی قووڵ لەنێوان کۆمەڵێك تێمای سەرەکیدا کراوە، وەك: ئەفسانە، مێژووی نەتەوەیی، یادەوەری و نۆستالژیا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەو شێوازەیە، کە ناونیشانی دەقەکەی پێ هەڵبژێردراوە، بەپێچەوانەوە لە (کورسی)دا، وەك چۆن لەکاتی گۆکردنی ناونیشانەکەدا بە یەك هەناسەو ڕیتم لە زار دێتە دەرێ، لە ناوکۆیشدا خوێنەر بەرخورد لەگەڵ هەمان کەشی خوێندنەوەدا دەکات و بەناو تێماو بابەتگەلێکی ڕوونتردا دڕوات، وەك لەوەی پێشوو.

**(ب) شێوازگەریی ناوکۆ/ سیاق:** ناوکۆی هەر دەقێکی ئەدەبی لە پەیوەستیدایە بەو پێکهاتە زمانی و ڕێزمانییەی کە دەقەکەی لەسەر بنیات نراوە، بەومانایەی هیچ دەقێك بەبێ کۆنتێکستێکی تۆکمە ناتوانێت جێگەی خۆی بکاتەوە لەنێو داهێنانی ئەدەبیدا، بەمەش شێوازی دارشتن و تەوزیفکردنی بابەت دەبێتە خاڵی جەوهەریی لە پێکهێنانی ناوکۆیەکی سەرکەوتوو بۆ دەقی ئەدەبی. هەڵبەتە لەم بارەشدا چۆنێتیی دەستپێك و سەرەتا و چوونە نێو بابەت و دروستکردنی گرێ و ئەنجا وردەوردە بەرەو کۆتایی و بەدەستەودانی ئەنجام، بەشێکی تری ئەو سەرکەوتنەی دەقە، کە لەڕێگەی ناوکۆی گشتییەوە بەدەستییەوە دەدات. ئەمە ئەگەر بۆ هەر دەقێکی تر ئاسایی بێت، ئەوا لە بونیادی دەقی والآدا زۆر گرنگتر دەکەوێتەوە، بەوپێیەی دەقی والآ خاوەنی جیاوکی تایبەت بەخۆیەتی بەمەش شێوازی پێکهێنان و دارشتنی ناوکۆ جیاواز دەکەوێتەوەو پێویستی بە توانستێکی بەرزتر هەیە، کە نووسەر/ شاعیر بەگەڕی بخات. شێرکۆ بێکەس دەستپێکی هەردوو دەقەکەی بەشێوەیەکی جوان هەڵبژاردووە، کاتێك لە (سروودە بەردینەکان)دا دەڵێت:

**من شمشاڵێکی سەرەڕۆو هەرزە نەبووم، تا ڕێگە بەم**
**هەموو لێوێ فووم پیا بکاو نە کلوەبەفرێکی ساوایش هەتا**
**بە یەکەم هاڵاوی دەمی سکڵێ بتوێمەوەو نە خونچەیەکی**
**نەدیدەیش بە گڤەیەك زراوم‌چێ. نا من وشەیەکی زیت بووم.**
**گەرچی وەك ژێ باریك بووم ووەکوو تاریش ناوسك بەتاڵ،**
**بەڵام کاتێ کە پەنجەکانی شیعرو عەشق، بەیەکەوە لێیان ئەدام،**
**من پڕ ئەبووم لە پەپوولەو لە حەیران و ڕێژنەی ساڵ!**(1)

لێرەدا شێوازی ئەم کۆپلەیە، کە کلیلی کردنەوەی دەقەکەیە، وەك فینۆمینێك، خۆی لەو ئاوێتەکردنەی ئاستەکانی زماندا دەبینێتەوە، کە (ئیلییەت) باسی لێ کردووە و سێ شێوازی بۆ زمانی نووسین دەستنیشان کردووە، ئەوانیش: ((شێوازی شیعریی، شێوازی پەخشانی و شێوازی ئاخاوتنی ئاسایی))(2) ئەم ئاوێتەکردنەی زمان دەبێتە یەکەم تایبەتمەندیی ناسینەوەی دەقی والآ لای شاعیر و تەنانەت کۆی ئەزموونە شیعرییەکەشی، بەوپێیەی خودی شاعیر خۆی لە پێشەکی (کورسی)داو لەبارەی فرەڕەنگی و فرەدەنگیی دەقەکەیەوە دەڵێت: ((...تەنانەت ڕیپۆرتاژی ئاسایی و قسەی ڕووتیشی تێ ئەکەوێ...))(3) لەلایەکی ترەوە، ئەم زمانە ئاوێتەیە لە (کورسی)یشدا کەشێکی شیعریی/ گێڕانەوەبەندیی بەرهەم دەهێنێت و ئەمەش بەلای (شاهۆ سەعید)هوە جۆرێکە لە ((شێوازگەریی تەماهیی مرۆڤ لەگەڵ بوونەوەرەکانی تر.))(4) هەروەك شاعیر دەڵێت:

**کورسییەکی کورتەباڵای بەتەمەنە و**
**ئێسك سووك و تەوێڵ پان و**
**دەست باریك و ناوشان تەنگەو**
**بەڵام هێشتا وریا و قنجە و**

**قاچێکی کەمێ ئەشەلێ و**

**بە ڕەنگ و ڕووزەردەڵەیە و**

**قژڕووتاوەووەلێ تەندروستیی تەختەو**

**جومگەکانی گەلێ باشە!**[5]

تایبەتمەندییەکی دیکەی شێوازگەرییانەی دەق والا لای شێرکۆ بێکەس، بریتییە لەو تەماهیکردنەی زمان لەگەڵ بوونی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تردا، بەشێوەیەك کە دەتوانین ئەم دیاردە شیعرییە بە (ئانیمیزم) بەلای شاعیرەوە ناوبنێین، بەوەی شتە بێگیانەکان، بۆنموونە بەرد لە دەق (سرووده بەردینەکان)دا و کەرەستەکانی ژیانی ڕۆژانەی وەك کورسی لە دەق (کورسی)دا، ژیانیان وەبەردا دەکات و دەیانکات بە کاراکتەری سەرەکی و دەیانهێنێتە زمان. ساتی داهێنانی شیعریی، ساتێکە تێیدا شاعیر بە تەنها دەکەوێتە بەر کاریگەرییەکانی زمان و هەر لەو دۆخەیشدا دێتەگۆ، بەومانایەی شوێن و کات دەبن بە یەك یەکەی تەواوکار و لە بۆتەی زماندا ئاوێتەی یەکدیی دەبن، واتە ((کات و شوێن نابنە دەربڕینێکی ماناخوڵقێنی زانراو لە یادەوەریماندا، بەڵکوو کات و شوێن تەنها دەبنە حاڵەتی ساتی نووسین، واتە دەچنە دەرەوەی هەموو ناساندنێکی دیاریکراوی بیرکردنەوە.... پێناسی کات و زەمان ئەو بەها مەعریفی و ئەو بەها پێناسکارەیان نامێنێت، کە لە بووندا هەیانە.))[1] ئەم دۆخی شڵەژان و ئاوێتەبوونی شوێن و کاتە، لەو ساتە شیعرییەدا لەناو زماندا دەتەقێتەوە، کاتێك شاعیری بگێڕەوە دەست بە سەفەرە جاویدانییەکەی خۆی دەکات و دەڵێت:

**دە ماڵئاوا، ئەی کۆتری ڕەش لەناو هێلانەی ڕۆحێکی**

**زۆر سپیدا. دە ماڵئاوا گمەگمی بێوەژنی لە بێ پیاوی و**

**لە دوخان و لە خۆڵەمێشی دابڕان! تۆیش ئەی ڕەفەی**

**ژووری شیعرم بە یادگارت ئەسپێرم، بەوخەونانەیش کە هێشتاکە**

**نەهاتوون و نەماندیون. سڵاو ئەی کچە دراوسێی کراس**

**شەرمن و سنگ جەسوور. کچە خەیاتی سەر ڕێگەی تاڵەدەزووی**

**چاوەڕوانی و دەرزی و تەقەلێ زام.**[2]

ئامادەگیی ئەم ساتە شیعرییە و ڕەنگدانەوەی لەناو زماندا، دەبێتە شێوازێکی تایبەت بە شاعیرو لە (کورسی)یشدا دیسانەوە سەرنج دەدرێت، بەوەی کاتێك کورسییەکە لەسەر زمانی باوکییەوە مێژووی ڕەچەڵەکی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

**باوکم لە زمانی باپیرمەوە ئەیوت:**

**ڕەنگە درەختی وا هەبێت، لای خوای دارتاش**

**بۆنموونە بەشی بیست شتی تیا ببێت، بەڵام تەنها**

**یەکەم بەشیان، کرا بەچی، هەر ئەوەیان ڕۆحی**

**مانەوەی تیا ئەبێ و ئەوانیدی، پاشماوەکان،**

**بکرێن بە هەر شتێکی تر، هەرجەمادن!**

**هەموو جارێ ئەیوت:**

**ئێمەی درەخت و دارستان**

**یەکەم خواوەندمان سروشتەو**

**دووەم خواوەندیشمان دارتاش!**[3]

لێرەدا زمانی شیعریی کاتێك گوزارشتی پێ دەکرێت لە سەربوردەی دروستبوونی کورسی، تەنها بریتیی نییە لە کەرەستە و ئامرازێك بۆ گواستنەوەی جوانییەکی ڕووتێنراو لە مانا، بەڵکوو ((گوزارشتە لە دوو ڕەهەندی کورسییەکە، لە چوارچێوەی سیستمی ئەو چەمکانەی مرۆڤ لەڕێگەیانەوە وێنای کورسی دەکات وەك شتێك، کە بنەچەی یەکەمی دەگەڕێتەوە بۆ سروشت، کە ئەمەش دۆخێکە مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریدا نییە و دواتریش وەك دیاردەیەکی ئیستاتیکی و ئەرکگەرا، کە لە هزری مرۆڤەوە دێتەبوون و لە واقیعی ژیانی خۆیدا بەرجەستەی دەکات.))[1] لەکاتێکدا دەقی والا بەلای شێرکۆ بێکەسەوە ((ماڵێکە یەك فۆرمی

دیاریکراوی تیا ناژی هیچ کام لە شیعرو چیرۆك و پەخشان و پەخشانەشیعرو شانۆنامە خاوەنی هەموو ماڵەکە نین، بەڵام لە هەمان کاتدا ماڵی هەموویشیانە.))[2] ئەوا بەم شێوەیە شێوازی نووسین و گوزارشتی شیعریی لە بونیاتی ئەم جۆرە لە دەقدا، پێویستی بە زمانێکی ئەوتۆیە، کە بتوانێت ببێتە ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە لەپێناو بەرجەستەکردنی پەیامی شاعیر لە کۆی ئەو ژانرانەی لە چوارچێوەی دەقێکدا تەوزیف کراون، بەمەش ((ماناکانی شیعر لەسەر ئەو زمانە یان لەو زمانەوە لەدایك نابێت، بەڵکوو لەو ساتەوە لەدایك دەبێت، کە ماناکان لە بیرکردنەوەی چوارچێوەدارو درکپێکراوی بە ئەنقەست دەردەچێتە دەرەوە.))[3] هەر ئەم دەرکەوتنەی زمانیشە لە شێوازی داڕشتنی دەق واڵادا بەلای شاعیرەوە، گرێ دەدرێتەوە بە دۆخی دەرچوون لەو کات و شوێنە ئیستاتیکییەی پێشتر ئاماژەمان پێی دا و لەم بەستێنەشدا شاعیر لە بیرکردنەوەی چوارچێوەداری مانا دەچێتە دەرەوەو دەڵێت:

**لە گڵی ڕەشدا چاڵێکی هەڵکەنراوو لە بنی چاڵدا تۆپەڵێ**
**کرمی سپی و بە چواردەوری گۆڕیچەشدا دە دوانزە**
**دەروێشی بەرد و لە بەرەژوور گوندێك لەناو**
**نەخۆشیدا ئەناڵێنێ و گوندێك لەناو بێدەنگیدا پاڵیداوە**
**بە گردێکی کەساسەوە دوو هەنگاو لەولای منەوە،**
**مەلایەکی بێتاقەت و چاکەت دڕاو، لەسەرچیچکان**
**دانیشتووەو تەڵقینێکی دەستخەت بڕو وشەشاشی**
**فرمێسکاویی بەدەستەوەو لەولایشەوە دارەمەیتێکی دانراو.**[4]

بەهەمان شێوازی چوونەدەرەوە لە سووڕی ئاسایی زمان و گوزارشتی شیعریی، شاعیر لە (کورسی)دا جەخت لەسەر ئەو ئامادەگییە زیندووەی زمان دەکاتەوەو وشەکان لە ڕیزکردنێکی تەقلیدییەوە دەگوازێتەوە بۆ ڕۆنانی ژێرەوە، کاتێك دەڵێت:

**من بمەوێ خوا ببینم، زوو ئەیبینم**
**بەڵام ئەوەدەمەی سووتانم**
**ئەمکا بە هەڵمی سەر (تار)و**
**تەنها کاتێ کە ڕامانم لەناو ڕۆحما نوقوم ئەبێ و**
**تەنها کاتێ شەوی ئازار**
**لە شپرزەیی پەنجەما**
**پەرت پەرت ئەبێ و**
**لە وردوخاشبوونی خمدا**
**کامڵبوون و نوێبوونەوەی عەشق ئەبینم!**[1]

ئەمەش بۆخۆی تێگەیشتنی شاعیرە لە هێزی زمانەوانیی، کە هەموو مەعریفەیەکی پێشوەختی شیعریی تێپەڕ دەکات و کار لەسەر مەزراندنی مەعریفەیەك دەکات، کە خودی شاعیر خۆی لێی بەرپرسە و ئەمەش دەبێتە ئاوێنەی باڵانومای شێوازگەرییانەی دەقی واڵا، لە ساتێکدا کە دۆخی ئیستاتیکی لە پێویستی ئاساییدا قەتیس نابێت و دەبێتە ئێستگەیەك بۆ ناساندنی دیوە شاراوەکانی تری دەق. بەدەر لە هەموو ئەمانەش، چەندین لایەنی تری شێوازگەرییانە لە دەقەکاندا هەن، بۆنموونە شێوازگەریی دابڕان و هاوسێیەتی و هەروەها گێڕانەوەی شیعریی، بەدەر لە ئاستێکی بەرزی لادان لە نۆرمەکانی زمانی ئاسایی وباو.

### تەوەری دووەم/ ئاستی سیمیۆتیکی*

لەکاتێکدا دەق پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵێك وشە و دەستەواژەی زمانەوانی و لەڕێگەی ئەم پێکهاتەیەشەوە ناوەڕۆکێك نمایندە کراوە، ئەوا بۆ تێگەیشتن لەو ناوەڕۆکە (ئەگەر سەرەتاپاییش نەبێت)، پێویستمان بەوە دەبێت، پەنا بەرینە بەر خوێندنەوەو لێکدانەوەی ئەو دال و ئاماژە زمانەوانییانەی پێکهاتەی دەرەکیی دەقیان پێ بونیادنراوە. لێرەوە گرنگیی ئاستی سیمیۆتیکی (سیمیۆلۆژی) لە تێگەیشتنی ناوەڕۆکی دەقدا هاوکارییەکی بەرچاوی توێژەر دەکات، بەوپێیەی کە سیمیۆتیکا ((واتە لێکۆڵینەوە لە سیستمێکی

دیاریکراو لە سیستەمەکانی پەیوەندیی لەڕێگەی نیشانو ئاماژەکانییەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەیە لە دەلالەتی واتاکان، کە لەهەر شوێنێکدا ببینرێت، بەتایبەتیش لە سیستمی زمانەوانیدا.))[2] بەدیوێکی تریشدا هەر لەڕێگەی میتۆدی سیمیۆتیکاوە، نەك هەر بە تەنها لە پەیوەندیی نێوان دال و مەدلول (ئاماژەو ئاماژەبۆکراو)، بەڵکوو لە کۆی نیشانەکانی ناو دەق تێ بگەین و زیاتریش لەوە شیکردنەوەیەکی بنچینەیی بۆ گوتاری شیعریی/ ئەدەبی پێشکەش بکەین.

**أ- سیمیۆتیکای ناونیشان:**

ئەگەر تەماشای ناونیشانی هەردوو دەقەکە بکەین و ئاماژەکانی پشتەوەی شی بکەینەوە، ئەوا دەگەین بە کۆمەڵێك مەدلوول، بۆنموونە (سرووده بەردینەکان)، لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە لە چەند یەکەیەکی زمانەوانیی دروست کراوە، بەم شێوەیە: (سروود+ه + بەرد+ ین+ هکان)، واتە: (ناو+ ناوبەند+ ناو+ مۆرفیمی وشەدارێژ+ مۆرفیمی ڕێزمانی)، بەڵام لەڕووی فەرهەنگییەوە، دوو وشەی سەرەکییەکە (سروود) و (بەرد) ئاستی سیمیۆتیکی ناونیشانەکە پێك دەهێنن و هەردوو وشەکەیش لە ڕەگی قووڵیاندا جۆرێك لە پەیوەستییان بە پرسی ئەفسانەکانەوە هەیە، نزیکتریش بە ڕابردوو، پیرۆزیی و سەرکەوتنەوە هەیە، ئەویش بەوەی (سروود) لە واتا فەرهەنگییەکەیدا واتای (گۆرانیی نیشتیمانی)[1] دەگەیەنێت، سەبارەت بە وشەی دووەم (بەرد) دیسانەوە هەڵگری کۆمەڵێك خەسڵەتە، وەك: سەنگینی، چەسپاویی، جێگیریی و نەگۆڕیی، بەدەر لە ڕەگە پیرۆزییەکەی بەرد، کە ((لە یەکەمین سەردەمانی مێژوو، مرۆڤەکان ڕۆح یان دەروونیان بە تاشەبەرد دەزانی.))[2] کەواتە ئەگەر بەم شێوەیە لە ناونیشانەکە تێ بگەین، ئەوا مانای (سروودی ڕۆح) دەگەیەنێت، کە گەڕانەوەیە بۆ ڕەگ و بنچینەی مرۆیی، بەدیوێکی تریشدا (ڕۆح) ئەگەر دەلالەت بێت لە بوونی مرۆیی، ئەوا هەڵبەت لە تێڕوانینی شێرکۆدا ئەو بوونە بریتییە لە (بوونی کورد) و دواتریش (کوردبوون) وەك ئەوەی کە ڕەگەزی سەرەکیی شیعری شێرکۆیە لەپاڵ ئامادەگیی بەردەوامی هەریەك لە (سروشتی کوردستان و مەسەلەی ژن)، بەم شێوەیە مەدلوولی دووەمی (سرووده بەردینەکان) بریتیی دەبێت لە (سروودی خۆڕاگریی و نەبەزینی نەتەوەیەك)، هەروەك لە ناوکۆی گشتی دەقەکەشدا ئەم تێگەیشتنە لە ئاستی ژێرەوەدا تەوزیف کراوە.

**گەلی بەدران**

**جێی خۆحەشاردانی سروود. جێی خۆشاردنەوەی ڕاستییەکان، وەختێ درۆ**

**حوکمڕانە و گەر ئەوانی بەردەست کەوێ یەکەیەکە بە قەمەکانی**

**تاریکیی سەریان ئەبڕێ.**[3]

لێرەدا (سروود) ئاماژەیە بۆ شۆڕشی گەلی کوردستان، ئەوکاتەی لە چیاکان و لەنێو ئەشکەوتەکانەوە جاڕی ئازادیی و سەربەخۆیی دا و سروودی نەبەزیی وبەرگریی بەگوێی دوژمندا دا، هەروەك لە بەشێکی تردا دەڵێت:

**(گەلی بەدران) ئەسپێك لە بەردی داستان و ئەسپێك لە بەردی**

**ئەفسانە. لە وردەزیخی کلکەوە هەتا تاشەبەردی کەللە،**

**پلەپلەو ملەملە، سەرسامبوون بەرزئەبێتەوە هەتا ئەگاتە**

**سەر یاڵ و لە پاڵەوە بۆ نێوانی هەردوو گوێچکەو ئیتر لەوێ**

**چاو ئەترسێ و با ئەخلیسکێ و سەرنجەکان ئەرژێن و ئەلەرزن و**

**ئەگەڕێنەوە بۆ دواوە.**[4]

لێرەدا (گەلی بەدران) ئەو شوێنەیە، کە شاعیر لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا پەنای بۆ دەبات و تێیدا دەمێنێتەوەو یادەوەرییەکی زۆری ئەو شوێنە عاسییەی سروشتی کوردستانی لە زیهنی خۆیدا تۆمارکردووە.* هەرچی ناونیشانی دەقی دووەمە، کە بریتییە لە (کورسی)، ئەگەرچی لە پێکهاتەیدا تەنها یەك وشەی سادەیە و هیچ دالێکی تری لەگەڵدا نەهاتووە، وەلێ ئەمیش بۆخۆی هەڵگری کۆمەڵێك مەدلولی جیاوازە لەوەی کە ئێمە لە ژیانی ئاساییدا لە واتای کورسی تێ دەگەین، شاعیر توانیویەتی لە ئاستی زمانەوانی و فەرهەنگی و دواتریش لەناو کۆنتێکستی گشتیی دەقەکەدا، ئەو واتایانە بەرکەڵك بخات. واتە بەدەر لە مەدلولی (دەسەلات)، کە هەمیشە دەدرێتە پاڵ (کورسی)، شاعیر لەڕێگەی دەقەکەیەوە، توانیویەتی کۆمەڵێك واتای تری پێ ببەخشێت، دیارترینیان

گوزارشتە لە سروشتی کوردستان، کە دەوڵەمەندە بە جۆرەها دارو درەختی ڕەسەن، کە نیشانەیە بۆ ڕەسەنێتیی بوونی تاکی کورد، کە دیسانەوە هەڵکەوتەی ناو ئەو سروشتە جوان و پاراوەیە.

**ئەم کورسییە**

**بە ڕەچەڵەك**

**کوڕی کوڕی**

**دارگوێزێکی نەقشبەندیی بەناوبانگی هەورامانە.[1]**

هەریەك لە (دارگوێز، نەقشبەندیی، هەورامان) سێ ئاماژەن بۆ چەند تایبەتمەندییەکی کوردبوون، لە یەکەمیاندا ڕەگاژۆبوون و بتەویی، لە دووەمدا باوەڕی و کۆڵنەدان و لە سێیەمیشدا هەرمان و ڕەسەنایەتی.

ب- **سیمیۆتیکای ناوکۆ/ سیاق:** مێژووی سیمیۆتیکا (ئاماژەگەری) نیشانی دەدات، کە دەکرێت هەموو شتێك واتای هێمایی پەیدا بکات، وەکوو شتە سروشتییەکان: بەرد، گیا، کێو، خۆر، مانگ، با، ئاو و ئاگر، یان ئەو شتانەی کە دەستکردی مرۆڤن: خانوو، کەشتی، ماشێن، یان تەنانەت شتە هەڵبژێردراوەکانی وەك: ژمارە، سێگۆشە، چوارگۆشەو بازنە، کەواتە لەڕاستیدا تەواوی جیهان، وەك ئەوەی کە هەیە، هێمایەکی وەدیهاتووەو بەردەوامیش خۆی نمایندە دەکاتەوە.[2] لەم ڕوانگەوە شاعیر لەڕێگەی وەرگرتنی دالی (بەرد)هوە لە سروودە بەردینەکاندا، چەندین مەدلوولی جیاواز بەدەستەوە دەدات، بەتایبەت کاتێك دێت، جۆرەکانی بەرد لە (بەردستان)دا دەستنیشان دەکات ووەك خۆی دەڵێت:

**لە بەردستاندا چاوی ئەز، بەردە نێرو بەردە مێکان لەیەکتر**

**جوێ ئەکاتەوە. بەردی شاعیرو بەردی تر. بەردی وەرزشکارو**

**بەردی ئەندازیارو بەردی پزیشك، زارۆکە بەرد وکوڕێژگە**

**بەرد و بەردی پیر لەیەکترجوێ ئەکاتەوە. ئەمێستاکە لەم**

**ناوەدا نە بەردی نەجمە بەشان و نە بەردی سیخوڕی چاوزەق،**

**نە بەردی عەرەبی قەومی و نە بەردە پۆلیس، لەناو ئەم بەردانەدا نین.**

**ئەم بەردانە لێرە هەموو بە یەك زمان ئەپەیڤن و**

**هەموو هاوخوێنی یەکترین.[1]**

بەدەرلەو ڕیتمە ناوەکییەی کۆپلەکە بەخۆوەی گرتووە، هاوکات لە ئاستی دەلالیدا (بەرد) لێرەدا وەکوو دالێکی فەرهەنگیی ئاماژەیە بۆ خودی (مرۆڤ)، بەتایبەتیتریش (مرۆڤ کورد)، چونکە لە دێڕەکانی کۆتاییدا کاتێك باس لە (بەردی نەجمە بەشان و بەردی سیخوڕ و بەردی عەرەبی قەومی) دەکات، ئەوکات بەتەواویی لەوە تێ دەگەین، کە شاعیر مەبەستی لە چییە... بەهەمان شێوە لە (کورسی)یشدا چەندین جۆری تری کورسیمان بۆ دیاریی دەکات، کە سەرجەمیان وەکوو دال هەمان ناوەڕۆکن، بەڵام لە ئاستی مەدلوولدا هەرکورسییەو هەڵگری تایبەتمەندیی و جیاوکی بەرچاوی خۆیەتی و دیسانەوە لە مەبەستە قووڵەکەدا شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت، مرۆڤەکان یەك جۆر نین و هێندەی ئارەزوو و مگێزەکانی خۆیان جۆریان لێ دەبێتەوە: (کورسی دەسەڵات، کورسی ئەشکەنجە، کوردەکورسی و... هتد)، هەر بەوەشەوە ناوەستێت، بەڵکوو ناوی چەندین کەسایەتیی گەورەی دونیا بە کورسییەکانیانەوە گرێ دەدات و لەوڕێگەیەوە، دەلالەتی مێژوویی و سیاسی و ڕۆشنبیریی زیاتر بە خوێنەر دەگەیەنێت، کاتێك دەڵێت:

**من لە زمانی ئەوەوە بۆیەکەم جار ناوی گەلێ**

**کورسی بەناوبانگی ئەم دنیایەم بیست و زانی.**

**وەکوو کورسییە لەخۆباییەکەی ناپلیۆن، یان کورسییە**

**جوانەکەی چیخۆف کە بەداخەوە سیل کوشتی.[2]**

هەروەها لە ناوکۆی ئەو کۆپلەیەدا، ناوی چەندین کورسی تری بە خاوەنەکانیانەوە گرێداوە، وەك: (ئەو کورسییە ڕۆماننووس و قومارچییەی کە سزاو تاوانی نووسی) و مەبەست لە (فیۆدۆر دۆستۆیۆڤسکی) ڕۆماننوسی ڕووسییە، هەروەها (ئەو کورسییە

مەزنەی لە حەبەشە لە ئاوارەیی قاچیان بڕیەوە)، کە مەبەستی لە شاعیری فەرەنسی (ئارسەر ڕامبۆ)یە، بەدەر لە ناوهێنانی هەندێکی تر، کە ڕاستەوخۆ دەیانناسینەوە، وەك: (کورسییە شێتەکەی مۆپاسان، **کورسییەکەی مادام بۆڤاری...)**، هەموو ئەمانەش لە ئاستی سیمیۆتیکیدا هەڵگری چەندین مانای ترن، کە لەناو زماندا بەرجەستە دەبن، بەوپێیەی کە سیمیۆتیکا ((میتۆدێکی ڕەخنەییە بۆ ڕاڤەکردن و دامەزراندنی پەیوەندیی نێوان ئاماژەو زمان، خوێندنەوەی ئەو ئاماژانەیە، کە لەناو زماندا کار دەکەن.))[3] هەروەك ئەوەی لە (سرووده بەردینەکان)دا شاعیر هەوڵی داوە، ئەو ئاماژانەی ناو زمان بگوازێتەوە بۆ سەر پێکهاتەی گشتیی ناوەڕۆك و دەڵێت:

**من وا هاتووم ئەوە چنگێ وشەی تازەتازە بۆ ناو دڵتان.**

**ئەو گرێکی نێجگار نوێ بۆ ناو ڕۆح و بۆ سەر ڕێتان.**

**من وا هاتووم دار بە دار و بەرد بە بەردی ئەم دەربەندە**

**پیرۆزکەم و مانگی گیراو بەربدەم و کێڵگەی ساڵێکی بەخشندە،**

**ساڵی ساڵاو، ساڵی سەمەلی کەڵەگەت، ساڵی هەتاو،**

**لەگەڵ خۆمدا بەرم بۆ ماڵی هەژاران.[1]**

ئەم بانگەوازەی شاعیر لەسەر زمانی (زەردەشت)ی پێغەمبەرەوە، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بڕوایەی کە ئێمەی کورد لەئێستادا و لە هەموو کاتێك زیاتر، پێویستمان بە کەسێکە لە ئافاتی دواکەوتوویی و نەهامەتییەکانی ئێستا و ڕابردوومان قوتارمان بکات. ئەمەو بەخشینەوەی مانای شیعریی لەسەر بنەمای پەیوەستبوون بە ((چۆنێتی بەخشینی بنیاتێکە بە کاتی بیرکردنەوەو کرداره زەینییەکان، ئەو مانایانەی لەسەرەتای نووسینەوە لەگەڵ ساتی بیرکردنەوەی شاعیردا گەشە دەسێنن و لە پاشاندا شاعیر کاتێك دەیەوێت بوونێکی بەرجەستەکراویان پێ ببەخشێت ئەوسا بەدوی زمانێکدا دەگەڕێت، کە توانای هەڵگرتنی ئەو مانایانەی هەبێت، کە کاریگەریان جێهێشتووە.))[2] هەروەك لە (کورسی)دا ئەم هەوڵەی بەرجەستە کردووە، بەوەی دەڵێت:

**ئەو سەردەمەی گەشتوگوزار و هەڵپەڕکێ و**

**سەیرانیان کوشت، ڕەشبەڵەك و شمشماڵیان کوشت...**

**ئەو سەردەمەی کە دەسەسڕی سەرچۆپی و**

**قریوەی کەسێ دیار نەبوو**

**ئیتر ڕۆحی ئێمەش چۆڵ و**

**نائومێدیی پەناگەم بوو**

**من ئەوکاتە بۆ یەکەمجار**

**لە تەنیایی و لە بێتاریی و لە غەریبیی خۆم گەیشتم.[3]**

ڕاستە لێرەدا کوژرانی (گەشتوگوزار، هەڵپەڕکێ، سەیران، ڕەشبەڵەك و شمشاڵ) لە ئاستی سەرەوەی زماندا بریتین لە تەنها چەند دالێك، بەڵام دواجار هەڵگری مەدلولێکی گەورەترن لە ئاستی ژێرەوەی زماندا، بەوەی گوزارشتە لە دۆخی مێژوویی پڕ لە تراژیدیای نەتەوەییمان. بەمەش شاعیر کاتێك ئەم جۆره لە تێما دەخاتە نێو ڕستەوە، ئەوا ڕووبەرێکی تر لە مانا دەخوڵقێنێت، کە تەنێ سیمیۆلۆژیای شیعریی دەرەقەتی لێککدانەوەی دێت. بەم چەشنە و لەکاتێکدا ((زمانی شێرکۆ بێکەس بەسەر سروشتی کوردستاندا کراوەتەوەو یادگەی کوردیی پڕ لە نیگەرانی و سادەیی -لەیەك کاتدا- وەردەگێڕێتە سەر واژەگەلێکی پێکداچوو لەگەڵ وێنەگەلی چڕوپڕ...))[4] ئەوا دەبێت لەڕێگەی لێکدانەوەی ئاماژەکانی ئەو زمانەوە، بگەین بەو مەبەستەی کە شاعیر لە پرۆسێسێکی شیعریی ئاوادا بەرهەمهێناوە، کە لەمەشدا خوێندنەوەی سیمیۆتیکییانەی دال و مەدلولەکانی ناو دەقەکە کۆمەکمان دەکات.

**تەوەری سێیەم/ دەق والای بیۆگرافی***

کاتێك باس لە بونیاد و پێکهاتەی دەق والا دەکرێت، کەواتە دەبێت ئەم بونیاد و پێکهاتەیە خاوەنی جۆری تایبەت بە خۆی بێت، هەربۆیە (خەزعەل ئەلماجیدی) ((گریمانەی بوونی کۆمەڵێك ئەگەری ناکۆتا لە جۆراوجۆرێتیی دەق والادا دەکات بەتایبەت لە

ئاستی پێکهاتنیدا، چونکه شاعیر هەوڵ دەدات ڕۆڵی کیمیاگەرێك لەناو کێڵگەکانی زمان و ڕەوانبێژیی و شێوازگەرییدا بگێڕێت، لێرەشەوە پێکهاتەگەلێکی جیاواز دادەهێندرێت و بارگەی جیاواز و دژبەر بەڕێگەیەکی داهێنەرانە ئاوێتەی یەکتر دەکرێن.))[1]
بەم پێودانگە و لە تیۆریزەی چەمکی دەقی والا و لە ڕوانگەی تێگەیشتنی (ئەلماجیدی)یەوە، ئەم چەشنە لە دەق بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەبێت،** یەکێك لەو جۆرانەیش بریتییە لە (دەقی بیۆگرافی) یان ڕاستتر بڵێین: (دەقی والای بیۆگرافی)، کە هەریەك لە (سرووده بەردینەکان) و (کورسی)ی شێرکۆ بێکەس دەچنە سنووری ئەم جۆرە لە دەقی والا، ئەمەش بەوپێیەی ((لە سرووده بەردینەکاندا شیعر سنووری ناوچەکانی گێڕانەوە دەبڕێت و هەوڵدەدات بە چڕییەکی شیعریی و لەهەمان کاتدا بە ئاماژەیەکی فرەمەودا، وێنەکان لە سیمای گێڕانەوەیەکی شیعرییدا بخاتەڕوو.))[1] هاوکات بە هۆی ئەوەی کە ((چەندین توخمی دراماتیکی لە بنیادی کورسیدا، وەك بەهای کەسایەتی، دیالۆگ، ڕووداو یان کردارو فەرمان و گرێ و خولْقاندنی کۆکەشی شانۆیی...))[2] بەرجەستە کراون، بۆیە دەبینین ناوکۆ (سیاق)ی تێکستەکە بەدەر نییە لە دەرکەوتەکانی دەقی والای بیۆگرافی، بەم شێوەیە لە هەردوو دەقەکەدا ((گێڕانەوەیی لەناو شیعریی-دا فۆرمەکانی خۆی دەشکێنێ و فۆرمێکی ڕەنگاوڕەنگ و ئیستاتیکییانە لەخۆدەگرێت.))[3] هەروەك چۆن لەپێشتریشدا زۆرجار چامەی شیعریی سوودی لە بونیاد و تەکنیکەکانی چیرۆك وەرگرتووە، بەشێوەیەك کە داهێنەری ئەدەبی لە یەك کاتدا شێوەی دوو کەسایەتیی جیاوازیی بەخۆوەگرتووە، کەسایەتیی چیرۆکنووس و کەسایەتیی شاعیر،[4] بەم شێوەیەش لە دەقی والای بیۆگرافیدا کەسایەتیی داهێنەر بەسەر هەردوو شێوەکەدا دابەش دەبێت و هاوکات لە هەردووکیشیاندا خۆی دەبینێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی و لە ڕوانگەی ژانرە ئەدەبییەکانەوە، دەقی بیۆگرافی جۆرێکە لە جۆرەکانی پەخشانی هونەریی[1] و ((بە مانای گێڕانەوەی بەسەرهاتی خودی ژیانی مرۆڤێك دێت.))[2] بەڵام لەکاتێکدا دەقی والا بەپێی پێناسەیەکی شێرکۆ بێکەس خۆی، ماڵێکە و ((دەشێ لە ڕاڕەوێکا تووشمان بێ بە تووشی حیکایەتخوانێکەوە، چاومان بە ڕەوتی چیرۆك بکەوێ یان لە هۆڵەکەیدا درامای شانۆ ببینین...))[3] ئەوا بونیادە زمانی و ئیستاتیکییەکەی جیاوازتر دەبێت، لەوەی کە لە بیۆگرافیای ئاساییدا بەرچاو دەکەوێت. هەروەك (ئەلماجیدی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((دەقی بیۆگرافی، جیاواز لە هەر دەقێکی تر، توانایەکی ڕادەبەدەری هەیە لەمەڕ خۆگونجاندن و کێشەوەهاتن، دەقێکە گەشە دەکات و پێبەپێی خستنەڕووی ژیاننامەی کەسایەتییەکە بە شێوازێکی شیعریی بەڕێوە دەچێت...))[4] پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە ڕەگەزی زاڵ لە دەقی بیۆگرافیدا بریتییە لە (گێڕانەوە)، کاتێکیش زمان لە بونیاتی دەقی والادا بارگاوییە بە شیعرییەت، ئەوا بگێڕەوەی ڕووداوەکان لەڕێگەی دەنگی شاعیرەوە دێتەگۆ و بەمەش بەر چەمکی (بگێڕەوەی شیعریی/ الرواي الشعري)[5] دەکەوین. لە ڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوە لە چەمکی دەقی والای بیۆگرافی و لێرەبەدوا هەوڵدەدەین، خوێندنەوەیەکی گشتیی بۆ ناوەڕۆکی هەریەك لە دەقی (سرووده بەردینەکان) و (کورسی) پێشکەش بکەین.

**یەکەم/ سرووده بەردینەکان و دەقی والای بیۆگرافی**

لەکاتێکدا بیۆگرافی پەیوەندیی بە گێڕانەوەی ژیانی کەسایەتییەکی دیاریکراوەوە هەیە، ئەوا ئەگەر لەڕوانگەی بوونگەراییەوە لە تێمای سەرەکیی (سرووده بەردینەکان) بڕوانین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە چۆن شاعیر لەڕێگەی تەوزیفکردنی (بەرد)ەوە، وەك (بوون- لەنێو- خۆ)یەك توانیویەتی وێنای ژیانی چەندین کەسایەتی بکات، کە ئەمەش گواستنەوەی بەردە بەرەو ناوچەی (بوون- بۆ- خۆ) بە تێگەیشتنە سارتەرییەکەی. هەڵبەتە ئەم گواستنەوەو جێگۆڕکێیەشی لەڕێگەی گەمەیەکی شێوازگەریی زمانەوانییەوە کردووە، هاوکات بەسوود وەرگرتن لە چەند تەکنیکێکی ژانرە گێڕانەوەبەندییەکان، بەتایبەت (کەسایەتی، ڕووداو، کات و شوێن) و لەمەشدا شیعرییەتێکی بارگاویی بە وەسف ئامادەیی هەیە.* سەرەتای گێڕانەوە شیعرییەکەشی بە ڕووداوێك دەست پێ دەکات، کە تێیدا دایکە بێوەژنەکەی خۆی بەجێدەهێڵێت، بەو نیازەی دەست بکات بە سەفەری گێڕانەوەو حیکایەتخوانییەکەی خۆی، سەفەرێك لە ئاستی زماندا بەناو خەیاڵ و فانتازیای شیعردا گوزەر دەکات و لە ئاستی حەقیقەتیشدا بەنێو نۆستالژیای ژیانی خۆیدا تێدەپەڕێت، کاتێك لەگەڵ وەسفی بارودۆخی دایکدا، دێت کۆمەڵێك وردەکاریی ژیانی ڕۆژانەیشی بۆ خوێنەر وەسف دەکات و دەڵێت:

**باڵندەیەکی داودۆز بووم، وەختێ دایکم، بێوەژنە مروزەکەم،**

**کۆترە ڕەشەکەی (ئیسکان)م لە بوولێڵێکی نەیاری ئەم شارەدا،**

**لە پاییزی پاییزاندا، تەنها جێهێشت، تەنها و تەنها،**

**هەرخۆی و دەستەوارەیەك نانی گریاو، خۆی و هەندێ لە فرمێسکی**
**ڕاونراو، خۆی وچەند ورتەورتێکی ئاگردانێکی ترساوو**
**خۆی و ئاوێنەی دیواری حەپەساوو تەنیاییەکی بەسام و**
**خواوەندێکی کەڕەواڵەو مشتێ نزای ئێوارانی سەربەرماڵ و**
**پڕبە کۆشیش قەرزی دووکاندارێکی زیادنووس و بە زستانیش**
**نووزەنووزی لێفەیەکی هەرزاڵ هەرزاڵ![1]**

بەووەندەشەوە ناوەستێت، بەڵکوو هەستی نۆستالژیی خۆیمان بۆ دەکاتە بابەتی گێڕانەوە، کاتێك لەڕێگەی یادەوەرییەوەو بەهۆی ئەو نامەیەی لە (کچەی خەیات)هوە، دەگاتە دەستی، دەگەڕێتەوە بۆ (گەڕەکی ئیسکان) و بۆ لای (جادەی مەولەوی) و لەوێشەوە دەڵێت:

**ئەو شەوە لە کەنارخەوێکی سپیدا سەوز بووم،**
**چرۆم کرد، گەورە بووم، بووم بە دارسنەوبەر،**
**تەیرێك هات سیحراوی وگەردن شین، زۆر**
**بێدەنگ، ئەسپایی، لە سەرم نیشتەوە. دوو نامەی**
**لەگەڵ خۆی هێنابوو. نامەکان لە ڕەنگی تەنیایی و**
**غەریبی و لە ڕەنگی گەڕەکی ئیسکان و لە جادەی**
**مەولەوی و لە دەنگی دیلان و سەرخۆشیی بێکەس و**
**تینویەتی تانجەرۆ و برسێتی قانیع و لە ڕەنگی**
**عەشقەکەی من ئەچوون.[2]**

لێرەدا توانای زەینیی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت، کاتێك بەنێو سنوورەکانی شیعردا چیرۆکمان بۆ دەگێڕێتەوەو بەپێچەوانەشەوە بەنێو تخووبەکانی چیرۆکدا شیعرمان پێشکەش دەکات، دواجاریش سیمایەکی تەواو بیۆگرافییانەی بە دەقەکە بەخشیوە، بەتایبەت کاتێك لە ئاستی سیمیۆتیکیدا هەریەك لە (مەولەوی، بێکەس، قانیع)، کە ناوی سێ شاعیری ناودارو ناسراوی مێژووی ئەدەبی کوردین، دەکات بە (ئایکۆن)* و لەوێشەوە خەیاڵی خوێنەر بەرەو سەرزەمینی شیعریەتی دەق واڵا ئاراستە دەکات بۆئەوەی چەندین مەدلولی تر لەو ناوانەوە هەڵێنجێنن و هەموو ئەمانەشی ئاوێتەی باری ژیانی تایبەتی خۆی -وەك بگێڕەوەی هەمووشزانی ڕووداوەکان- کردووە. هەروەك چۆن خودی شاعیر خۆی بگێڕەوەی ڕووداوەکانە، ئاوایش کەشێکی حیکایەتخوانیی دامەزراندووەو بۆ ئەمەش سوود لە ڕووداوەکانی ناو مێژووی دوورو نزیك، نوێ و هاوچەرخی کورد وەردەگرێت، ئەوەتا دەڵێت:

**ئەشکەوتەکان زاری داپچڕاوی شاخ بوون**
**باپیرانمان لەم ئەشکەوتانەدا هەموو، بە چوارمشقی**
**دائەنیشتن و قەفی سمێڵیان با ئەداو قلیانەکانیان ئەکێشاو**
**سەری خۆیان ئەکرد بە توونی ناو قسەی دووکەڵاویی و پڕبوون**
**لە کرمی تەمەڵیی. باپیرانمان شەقیان لە دواڕۆژ هەڵئەداو**
**کەوشەکانیان ئەکرد بە دەمی یەکترداو سەریان بێ زەنگ و**
**بێ مۆم و دڵیان مێش و گوێدرێژەکانیان لە کچ و ژنەکانیان**
**خۆشتر ئەویست.[1]**

بەدەر لەو تێڕوانینە ڕەخنەئامێزەی لێرەداو لەچوارچێوەی بابەتدا بەرانبەر بە ڕابردوو ئامادەیە، هاوکات و پشتبەست بە تەکنیکی -گێڕانەوەیی لەناو شیعرییەتدا- ((چاو و خەیاڵی شیعرییانەی شاعیر دەبێت بە کامێرایەك و بەردەوام بەدوای یادەوەرییەکانی خۆیەوە دەبێت ولەو یادەوەرییەوە ڕووداو و دیمەن و وێنەکان ڕاودەکات، لەو یادەوەرییە شیعرییەوە شەپۆلی وێنەی شیعریمان بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان بۆ دەخاتە بەرزەین و خەیاڵی شیعریی ئێمەی وەرگرەوە.))[2]لەم ڕوانگەیشەوە شاعیر دەڵێت:

**من رووم تێ کرد: فەرهاد ئەزانی ئەو بەردە ڕەشە**
**دایکمە؟! ئەویش وتی: منیش لای خۆم هەر**
**نزیکی ئەشکەوتەکەم، شۆڕەبییەك بۆتە دایکم.**
**هەموو رۆژێ ئەچم بۆ لای دەستەکانی ماچ ئەکەم و**
**ئەویش بەردەوام سەری خۆی داخستووەو لەناو کۆشی**
**ئاودا ئەگری. دوێنێ پێم وت: دایە بە نیازم**
**سەرێك بەم لە (گەلاڵە) ئیشێ، کارێ، سابوونێ،**
**شانەیەك، جامێ، کیسێ خەنە؟ هەندێ نوقڵ**
**بۆ ئەم جەژنە؟ بەڵام سەد ئاخ، چاوی لەسەر**
**ئاو هەڵنەبڕی و هەر ئەگریاو هیچی نەوت!**[3]

بەم شێوەیەش ئەم ڕوانینە گێڕانەوەبەندییەی شاعیر دەبێت بە سیمای گشتیی دەقەکە و بەش لەدوای بەشی ڕووداوەکان و هەڵوێست بە هەڵوێستی گێڕانەوەکان، خوێنەر لە چاوەڕوانی ئەوەدایە، کە ئاخۆ دوای ئەوە لەگەڵ چ ڕووداو و چ گێڕانەوەیەکدا بەرخورد دەکات، واتە هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیە پانتایی خەیاڵ و سەرزەمینی فراوانتری حیکایەتی بە ڕوودا بکرێتەوەو تێما و دەلالەتێکی زیاتر لە ناواخنی دەقدا بچنێتەوە. وەك چۆن هەمیشە لە شیعری شێرکۆدا پنتێك بۆ بەیادکردنی ئازار و مەینەتییەکانی کورد ئامادەیە، بەهەمان شێوە لە سرووده بەردینەکانیشدا ئەم لایەنە بەرچاو دەکەوێت و بەجوانی تێکەڵی بابەتی سەرەکیی دەقەکەی کردووە، ئەوەتا دەڵێت:

**ئەیانبینم هەموویان یەك یەك ئەبینم، ئەسکەندەری**
**گەورەو بچووك، خالیدی کوڕی وەلید و هۆلاکۆو سەعدو**
**تەیموورو هەموو ئەو کەڵەشمشێرو ڕم وخوێناوی و**
**دووکەڵانەی ڕەوڕەو لەگەڵ بای دۆزەخدا هاتنە سەرمان!**[1]

داگیرکردن و دابەشکردنی خاکی کوردستان بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن ناحەزانەوە، هەوێنی ئەو خەمە گەورەیەی شاعیرە، هەربۆیە بەم شێوەیە و لەڕێگەی ئەم وێنە هونەرییەوە توانیویەتی ئاوێتە بیۆگرافی ژیانی خۆی بکات و بیکات بە بەشێك لە سروودی بەرگریی و هاوکاتیش ماکی مانەوەی نەتەوەیەك.

**دووەم/ کورسی و دەقی والای بیۆگرافی**

دیارترین خاڵ، کە لە دەقی والای (کورسی)دا جێگەی سەرنجە، خوڵقاندنی کارەکتەری (کورسی)یە لەلایەن شاعیرەوە، بە شێوەیەك کە دەتوانین بڵێین هەمان کاری ڕۆماننووسێکی ئەنجام داوە، بە واتایەکی تر شاعیر توانیویەتی کارەکتەرسازییەکی سەرکەوتوو بە ئەنجام بگەیەنێت، بەوەی لە تەواوی تێکستەکەیدا لەپاڵ ئەو کارەکتەرسازییەدا سەرجەم ڕەگەزەکانی دەقێکی گێڕانەوەبەندیی تەوزیف کردووە و بۆ ئەوەش تەکنیك و بونیاتە جیاوازەکانی گێڕانەوەو وەسفی بەکارهێناوە. لێرەوە خوڵقاندنی کارەکتەری کورسی لەسەر زاری بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە، ئاوێتەی ئەو دیالۆگەی سەرەتای دەق دەبێت (منی نووسەری ئەم دەقە)، کە ئیدی لەوێوە دەگوێزرێتەوە بۆ زاتێکی خۆنوێن و لە سەرتاپای دەقەکەدا بۆ هەمیشە ئامادەیی ڕاستەوخۆی دەبێت لە هەموو شوێن و کات و هەڵوێستێکی گێڕانەوەدا.[2]

**کورسی ئەکەوێتە قسەو دووکەڵیشم بە زمانی**
**خۆڵەمێشی، لەسەر دەرگا بێ یان دیوار،**
**لەسەر عەرد بێ، یاخود لەسەر جەستەی ڕێبوار،**
**هەرچی ئەو بیڵێ ئەینووسێ!**[1]

بەومانایەی هیچ لەمپەرێك لەبەردەم کردەی گێڕانەوەو نووسینەوەدا نابێتە ڕێگر، چونکە خواستێك هەیە، بۆ مەزراندنی حیکایەت، کە لە خواستی ژیان و ژیانەوەوە سەرچاوەی گرتووە، هەربۆیە بەم شێوەیەو لەڕێگەی کەسایەتیی داهێندراوی کورسی-

یەوە، شاعیر ڕێگەیەك بۆ چوونە نێو یادەوەرییەكانی خۆی دەكاتەوەو دەست بە گێڕانەوە دەكات و هەر لە سەردەمێكەوە، كە هێشتا تێیدا درەختێكە و (خودای دارتاش) نەیكردووە بە كورسی، ئەمەش دۆخێكی میتافیزیكییە نەك ئۆنتۆلۆجیی و شاعیر توانیویەتی تەوزیفی بكات، كاتێك دەڵێت:

**هەموو جارێ باوكم ئەیوت:**

**ئێمەی درەخت و دارستان**

**یەكەم خواوەندمان سروشتەو**

**دووەم خواوەندیشمان دارتاش!**

**یەكەم خواوەند گەورەمان ئەكا بۆ دووەم**

**دووەمیشیان لە دارەوە ڕۆحێكی تر**

**ئەكا بە بەر تەختەماندا و**

**تەختەیش ئەبێ بە هەزار شت!**

**وەختێ باوكم ئەم قسانەی بۆ ئەكردم**

**بۆخۆی بووبوو بە كۆڵەكەی ناو مزگەوتێ!**(2)

دوو دێڕی كۆتایی ئەم كۆپلەیە، بەڵگەی ئەو میتافیزیكبوونەیە، كە لەسەرەوە ئاماژەمان پێی داو شاعیر لە بەركەڵكخستنیدا سەركەوتوو بووە، چونكە توانیویەتی زۆر بەوردیی سوود لە (تیۆری لاساییكردنەوە)كەی ئەفلاتۆن وەربگرێت، كە لە بەشی دەیەمی (كۆمار)ەكەیدا ڕوونی كردووەتەوە.(3) لە كورسی‌یشدا دیسانەوە مەزڵوومییەتی كورد، وەك نەتەوەیەكی بندەستی داگیركارانی نیشتیمانەكەی، ڕەنگدانەوەی هەیە و لەگەڵ ئەو میتافیزیكبوونەدا (سەرەتای گەنجێتیی شاعیر/ سەردەمی درەختیی كورسی) هەروەك بنووسی یادەوەریی وبگێڕەوەی ڕووداوەكان لەسەر زاری كورسییەوە باسی لێوەكردووە.

**لە سەردەمی درەختیما**

**ڕۆژهەبوو پڕبوو لە كوللە**

**چاوی گوێزیان دەرئەهێنا!**

**ڕۆژهەبوو، پڕبوو لە دووكەڵ**

**لەو دارستانە زلەدا، هەناسەمان بۆ نەئەدرا**

**ڕۆژهەبوو تەم وا ئەنیشتە سەرجەستەمان**

**ئەمانوت ئیتر مەحاڵە جارێكی تر هەڵسێ و بڕوا.**(1)

بونیاتنانی ئەم كەسایەتییە (كارەكتەرسازیی) تەنها لەپێناو هونەركارییەكی سادەدا نییە، بەڵكوو ((زیاتر بۆ ئەوەیە تا ئەو ئەركە شیعرییانە جێبەجێ بكات، كە هونەری شیعرەكە لە شاعیری دەخوازێت.))(2) هەروەها ئەم دەربڕینە گوزارشتە لەو دۆخە مێژووییەی كە شاعیر لە سەردەمی گەنجێتیی خۆیدا تێیدا ژیاوە، ئەو دۆخە پڕ لە مەینەتییەی كە بەهۆی زوڵم و زۆری ڕژێمی حوكمڕانەوە، بەسەر گەلی كورددا هێنراوە، چونكە هەر دوابەدوای ئەو چەند دێڕە، شاعیر دەڵێت:

**شەو هەبوو هەتا بەیانی، گەڵا مردووەكانمان ئەژمارد.**

**لە ترساندا ئەخزاینە ناو باوەشی یەكترەوە. لەبەرچاومان**

**ئاویان ئەكوشت. لەبەرچاومان سێدارەیان بۆ هەتاو و**

**(با) هەڵئەخست. لەبەرچاومان داری پیرێژن و**

**داری پیرەمێردیان لە شاخەوە گلۆر ئەكردەوە هەتا**

**كۆردەرەی بن بنار. لەبەرچاومان دارچنارە**

**كچەكانیان ئەتك ئەكرد. ڕەزە ژنیان تینوو ئەكرد هەتا ئەمرد.**

**چییان نەكرد؟!**(3)

ئەو تایبەتمەندییەی کە دەقی والای کورسی پێ دەناسرێتەوە (تایبەتمەندیی کارەکتەرسازییانە)، وایکردووە لەوەی دەقەکە وەك پانتاییەك بۆ پێکگەیشتن و دیالۆگی نێوان کۆمەڵێك کارەکتەری مێژوویی شاری سلێمانی تەماشا بکرێت، هەروەك شاعیر خۆی لە پێشەکیی کورسی-دا لەبارەی زۆربی ئەو ناوانەی لە دەقەکەیدا هاتوون، دەڵێت: ((ئەشێ هەندێك لەو ناوانە، تەنانەت لای نەوەی نوێی شارەکەم و دەرەوەی سنووری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ئەم مەڵبەندە نەناسراوبن یان لای ئەوانەی تەمەنیان زۆر لەخوار منەوەیەو لە یادەوەریی ئەواندا نەبن.))[4] لە نموونەی ئەو کارەکتەرانەی ناویان هاتووە: (فایەق بێکەس، شاکیر فەتاح، نوری عەریزەنووس، عوسمان چێوار، دیلان، ئەحمەد موختار جاف، ولیەم یۆحەننا و عەلی فەوتاو... هتد.)

**ئا بەم جۆرە، شانۆ هات و شانۆ ڕۆیشت و**
**کورسی هات و کورسی ڕۆیشت و**
**منیش هەروا پەرەوازە!**
**کورسییە سنەییەکە: پیرە قەنەفەی عوسمانی**
**خەولا لێکەوتووە، ئەیبینن؟!**
**کورسییەکی تر: ئەو ئێستەیش خەو بەوەوە ئەبینێ**
**جارێکی تر بڕواتەوە ئەستەموڵ!**
**کورسی2: ئەوەی ڕاستی بێ ساردەو ئەمڕۆ ئەو**
**شاگردە نەگریسەیش سەتڵێ ئاوی پیاکردم و**
**هەست ئەکەم خەریکە تووشی هەلامەت ئەبم.**
**بەهەرحاڵ، تکایە بێدەنگ بن، با چیرۆکەکەی تەواو بکات!**
**کورسییەکە: سوپاس... سوپاس**
**بەڵێ هەروا پەرەوازەو بێدەرەتان**
**بە شاگردیی لەم ئیشەوە بۆ ئەو ئیش و**
**لەم دەستەوە بۆ ئەو دەست و سەر بە بێتار[1]... ...**

بەم شێوەیە کەسایەتیی کورسی دەبێتە داینەمۆی بزواندن و کۆکردنەوەی چەندین کارەکتەرو ناوی ڕاستەقینەی مێژووی شارێك و هەروەها چەندین کورسیی تری وەك خۆیشی دەهێنێتە قسەو لەڕێگەی یادەوەریی مێژووییەوە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات، بەمەش کەشێکی درامی دێتەگۆڕێ و کورسییەکەی شێرکۆ بێکەس لەیەك کاتدا دەبێتە دروستکەرو بنیادنەری بیر، هەروەها ڕووداویش لە سیاقی گشتیدا، هەروەك (خەزعەل ئەلماجیدی)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لایەنێکی جوانیناسانەی دەقی بیۆگرافی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە دەرفەت دەڕەخسێنێت خستنەڕووی ژیاننامەی کەسایەتیگەلێکی مەزن (شیعریی و ناشیعریی)و سەرلەنوێ ناواخنکردنیان بەشێوەیەکی جیاواز...))[2]

**ئەنجامی توێژینەوەکە**

1. چەمکی دەقی والا لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بەتەواویی نەخەملیوەو جیاوازە لەوەی ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوایی و عەرەبی و بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سوودی لە هەردوو ئاراستەکە وەرگرتووە.
2. شێرکۆ بێکەس چ لە ڕووی تیۆری و چ لەڕووی پراکتیکییەوە، داهێنەری چەمکی ئەم جۆرە دەقەیە لە شیعری کوردیدا و دوا قۆناغەکانی داهێنانی ئەزموونی شیعریی خۆی لەم بوارەدا چڕکردووەتەوەو دەتوانین بڵێین لەو ئەزموونەشیدا سەرکەوتوو بووە.
3. کورسی، کە دووەم ئەزموونی دەقی والای شاعیرە، بەراورد بە سروودە بەردینەکان، کە یەکەم ئەزموونێتی، لە ڕووی بونیاد و پێکهاتەوە بەرەوپێشچوون و دامەزراوەیی زیاتری پێوە دیارە.

4. دەق والا جۆرە زۆرە، هەردوو دەق سرووده بەردینەکان و کورسی، دەچنە خانەی ئەو جۆرەوە کە پێی دەوترێ (دەق والای بیۆگرافی).


**لیستی سەرچاوەو ژێدەرەکان**

**یەکەم/ بە زمانی کوردی**

**أ- کتێب:**

1. ئەزموونی خوێندنەوە- چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2006.
2. بنبەست لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا و چەند بابەتێکی تر، ئەحمەدی مەلا، چاپی یەکەم، سەنتەری نما، هەولێر، 2012.
3. تویژینەوەی تیۆری ئەدەبی، ڕاجێر ویبستێر، وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر، 2006.
4. تویژینەوەی دەق لەڕوانگەی زمان و ئەدەبەوە، عەبدوڵلا ڕەحمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2017.
5. دەق شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە، لوقمان ڕەئوف، چاپی یەکەم، دەزگای ئایدیا، سلێمانی، 2016.
6. ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، 1967.
7. شیعری کراوە لە ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا، سەلاح حەسەن پاڵەوان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2010.
8. شیعرییەت لە دەرەوەی شیعر، زاهیر ڕۆژبەیانی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2005.
9. فەرهەنگی دیوانی نالی، مارف خەزنەدار، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2008.
10. فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی، 2015.
11. فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2011.
12. فەرهەنگی کوردستان، گیوی موکریانی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2017.
13. فەرهەنگی مەردۆخ، ئایەتوڵلا شێخ موحەمەد مەردۆخی کوردستانی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، خانەی پرتەوبەیان، سنە، 1388ی هەتاوی.
14. فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە، هەژار موکریانی، چاپ اول، انتشارات سروش، تهران، 1369.
15. کورسی و بەها درامییەکان، ئەحمەد سالار، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2009.
16. کۆماری ئەفلاتۆن، ئەفلاتۆن، وەرگێڕانی: محەمەد کەمال (د)، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2009.
17. مرۆڤ و هێماکانی، کارڵ گۆستاف یۆنگ، وەرگێڕانی: ڕوقسە سەیيدی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، 2019.
18. نەمری و گێڕانەوە (ڕامان لە بەرهەمەکانی ئارام کاکەی فەللاح)، ئارام سدیق، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2012.
19. نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش (ژیاننامەو بیرەوەری شێرکۆ بێکەس)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2013.
20. نۆسەدو پەنجاوپێنج دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا- دیدارێکی گشتگیرە لە ستۆکهۆڵم ئەنجامدراوە، ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، کوردستان، 2008.

**ب- دیوان:**

1. دیوانی شێرکۆ بێکەس (کۆی بەرهەم)، بەرگی یەکەم، چاپی سوێد، 2009.
2. سرووده بەردینەکان، شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2004.
3. کتێبی ملوانکه، شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2007.
4. کورسی (تێکستی والا)، شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2005.
5. یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی، شێرکۆ بێکەس و هەڵۆ شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی، 2016.

**ج- گۆڤار:**

1. بنیاته زمانەوانییه جوانکارییەکان له شیعرەکانی هاشم سەڕاجدا، نەجات حەمید ئەحمەد، گۆڤاری هەنار، ژمارە (51)، ئەپرێلی 2010.
2. لەنێوان دەق کراوەو چیرۆکی کراوەدا (چیرۆکی نووسینەوەی درۆ ی ئارام کاکەی فەللاح وەك نموونە) ئارام سدیق، گۆڤاری هەنار، ژمارە (75)، ئەپرێلی 2012.

**دووەم/ بە زمانی عەرەبی**

**أ- کتێب:**

1. الاثر المفتوح، امبرطو ايكو، ترجمة: عبدالرحمن بو علي، الطبعة الثانية، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية، 2001.
2. الأسلوبية (مدخل نظري ودراسة تطبيقية)، فتح الله أحمد سليمان (د)، مكتبة الادب، القاهرة، 2004.
3. البناء السردي في شعر شيركو بيكەس، فاضل عبود التميمي (د)، الطبعة الاولى، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، 2008.
4. بنية النص الفني، يورى لوتمان، ، ترجمة: عبدي حاجي (د)، الطبعة الاولى، الاكاديمية الكوردية، أربيل، 2018.
5. تداخل الفنون في شعر سعدي يوسف، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة- العراق، بغداد، 2013.
6. خزائيل، خزعل الماجدي، الطبعه الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر في بيروت، 2012.
7. دورق الالوان، شيركو بيكس، ترجمة وتقديم: شاهو سعيد، الطبعة الاولى، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، 2009.
8. شعر الحداثة من بنية التماسك الى فضاء التشظي، فاضل ثامر، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة والنشر، بغداد، 2012.
9. الشعر العراقي الحديث بعد الستينات (الرؤية والتحول)، د.علي متعب جاسم، مكتبة مصر ودار المرتضى، بغداد، 2009.
10. الشعر العراقي المعاصر (الرؤية وانساق التشكيل (دراسة نقدية في شعر جيل السبعينات)، علي متعب جاسم، الطبعة الاولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان، 2013.
11. العقل الشعري، خزعل الماجدي، الطبعة الاولى، النايا للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق، 2011.
12. الكرسي، شيركو بيكس، ترجمه: هيوا عزيز، الطبعة الاولى، دار سردم للطباعة والنشر، سليمانية، 2009.
13. مفرد بصيغة الجمع (صياغة نهائية)، أدونيس، طبعة جديدة، دار الاداب، بيروت، 1988.
14. منارات (الاعمال الشعرية الكاملة)، سان جون بيرس، ترجمة: أدونيس، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، 1999.

**ب- نامەی ئەکادیمی:**

1. انفتاح النص الشعري الحديث بين الكتابة والقراءة (مذكرة مقدمة لنيل درجة الماجستير في الادب الحديث)، عبدالقادر عباسي، اشراف: أ.د.عبدالله العشي، جامعة الحاج لخضير، الجزائر، 2006 -2007.

**ج- ئینتەرنێت:**

1. اشكاليات التجنيس بين الخطابين الشعري والسردي، http://www.startimes.com/f.aspx?=21841094

2. تداخل الاجناس وانتهاك الحدود، www.alimbaratur.com
3. الأثر المفتوح في غيمة أربطها بخيط لعبدة وازن، محمد العناز، موقع الضفه الثالثة، 28 فبراير 2018، https://www.alaraby.co.uk
4. اشكالية النص المفتوح والمغلق، عبدالملك مرتاض، جريدة الرياض، العدد 13394، 24 فبراير 2005، httpP//www.alriyadh.com/41940
5. تأثير جمالية التلقي الالمانية في النقد العربي، علي بخوش، www.labreception.net...critique_tathir%20jmalyat_atalaqi_ala
6. تجريبية النص المفتوح (نص دائرة الاحتواء للشاعر ولاء الصواف) انموذجا، عبد علي حسن، موقع الحوار المتمدن، 2009/2/4، http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=161758&r=0
7. الترافد بين الاجناس والانواع الادبية في المدونة العراقية الجديدة، محمد علي النصراوي، موقع الحوار المتمدن، 2010/10/30، http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=233604
8. الأثر المفتوح في غيمة أربطها بخيط لعبدة وازن، محمد العناز، موقع الضفه الثالثة، 28 فبراير 2018، https://www.alaraby.co.uk
9. العقل الشعري، خزعل الماجدي، http://khazalalmaijdi.blogspot.com/2011/06/blog-post_13.html
10. مالخزعل الماجدي في عقله الشعري، خليل مزهر الغالبي، موقع النور، 2008/8/30، http://www.alnoor.se/article.asp?id=30998
11. النص المفتوح بين الضرورة والانسياب، فارس الفايز، موقع النور، 2011/4/18، http://www.alnoor.se/article.asp?id=111688
12. النص المفتوح، رزاق حمادي، جريدة البينة، عدد 616، http://www.albayyna-new.com/archef/616/albayyna-new/page6.html
13. النقد والأثر المفتوح (مرتكزات التجول من النقد الى القراءة)، حبيب مونسي، موقع الكراسات، 2004، https://cahiers.crasc.dz/index.php/ar/14-les-cahiers/texte-litteraire-approches
14. النقد والأثر المفتوح (مرتكزات التجول من النقد الى القراءة)، حبيب مونسي، موقع الكراسات، 2004، https://cahiers.crasc.dz/index.php/ar/14-les-cahiers/texte-litteraire-approches
15. الواقعية الشعرية في النص المفتوح (اشارات أولية) أشرعة الهراء لخالدة خليل انموذجا، د.ثائر العزاوي، الحوار المتمدن، 2006/6/4، http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=136657&r=0

---

(1) دەروانرێتە: منارات (الاعمال الشعرية الكاميلة)، سان جون بيرس، ترجمة: أدونيس، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، 1999.
(2) الاثر المفتوح، امبرطو ايكو، ترجمة: عبدالرحمن بو علي، الطبعة الثانية، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية، 2001، ص7.
(3) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2011، ل346.
(4) فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی، 2015، ل185.
(5) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی وڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل346.
(6) تۆیژینەوەی تیۆری ئەدەبی، ڕاجێر وێبستێر، وەرگێرانی: عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر، 2006، ل189-190.
(7 (2 النقد والأثر المفتوح (مرتكزات التجول من النقد الى القراءة)، حبيب مونسي، موقع الكراسات، 2004، https://cahiers.crasc.dz/index.php/ar/14-les-cahiers/texte-litteraire-approches

(8) دەڕوانرێتە: الأثر المفتوح في غيمة أربطها بخيط لعبدة وازن، محمد العناز، موقع الضفه الثالثة، 28 فبراير 2018، https://www.alaraby.co.uk

9. تأثير جمالية التلقي الالمانية في النقد العربي، علي بخوش، www.labreception.net...critique_tathir%20jmalyat_atalaqi_ala

10. فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی ورەخنەیی، ل89.

11. فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ل185.

(7) انفتاح النص الشعري الحديث بين الكتابة والقراءة (مذكرة مقدمة لنيل درجة الماجسيتر في الادب الحديث)، عبدالقادر عباسي، اشراف: أ.د.عبدالله العشي، جامعة الحاج لخضير، الجزائر، 2006- 2007، ص9.

(1) النقد والأثر المفتوح (مرتكزات التجول من النقد الى القراءة)، حبيب مونسي، موقع الكراسات، 2004، https://cahiers.crasc.dz/index.php/ar/14-les-cahiers/texte-litteraire-approches

(2) ئەزموونی خوێندنەوە- چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2006، ل60.

* لە ئەدەبی کۆنی عەرەبیدا جۆرە دەقێك بەرهەم هێنراوە، کە بە (النص الجامع) ناودەبرێت، لە نموونەی ئەوانەش: رسالە الغفران- ابی العلاء المعری، البخلاء– الجاحظ، الاغاني– ابي فرج الاصفهاني، بدائع الزهور فی وقائع الدهور– محمد بن احمد اياس الحنفي، المنتخب– الطريحي و... هتد. {دەڕوانرێتە: الترافد بين الاجناس والانواع الادبية في المدونة العراقية الجديدة، محمد علي النصراوي، موقع الحوار المتمدن، 2010/10/30، http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=233604.{

(3) تجريبية النص المفتوح (نص دائرة الاحتواء للشاعر ولاء الصواف) انموذجا، عبد علي حسن، موقع الحوار المتمدن، 2009/2/4، http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=161758&r=0

(4) النص المفتوح بين الضرورة والانسياب، فارس الفايز، موقع النور، 2011/4/18، http://www.alnoor.se/article.asp?id=111688

(1) العقل الشعري، خزعل الماجدي، الطبعة الاولى، النايا للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق، 2011، ص370.

(2) دەڕوانرێتە: مفرد بصيغة الجمع (صياغة نهائية)، أدونيس، طبعة جديدة، دار الاداب، بيروت، 1988.

(3) دەڕوانرێتە: مالخزعل الماجدي في عقله الشعري، خليل مزهر الغالبي، موقع النور، 2008/8/30، http://www.alnoor.se/article.asp?id=30998 ، هەروەها: العقل الشعري، خزعل الماجدي، http://khazalalmaijdi.blogspot.com/2011/06/blog-post_13.html

(4) دەڕوانرێتە: خزائيل، خزعل الماجدي، الطبعه الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر في بيروت، 2012.

(5) العقل الشعري، خزعل الماجدي، ص372.

(6) النص المفتوح بين الضرورة والانسياب، فارس الفايز، موقع النور، 2011/4/18، http://www.alnoor.se/article.asp?id=111688

(7) العقل الشعري، خزعل الماجدي، ص373.

(7) الواقعية الشعرية في النص المفتوح (اشارات أولية) أشرعة الهراء لخالدة خليل انموذجا، د.ثائر العزاوي، الحوار المتمدن، 2006/6/4، http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=136657&r=0

* بازنەییبوون (الدائرية Circularite): جۆرە تەکنیکێکە لە نووسینی ئەدەبیدا بەرکەڵك دەخرێت، بەوەی سەرەتای دەقەکە بە پیتی بچووك (سمۆڵ) دەنووسرێت و کۆتاییەکەشی بە سێ خاڵی لەدوایەك (...) جێدەهێڵرێت. ئەم تەکنیکە زیاتر لەو زمانانەدا بەکاردەهێنرێت، کە ئەلفێی لاتینی پێڕەو دەکەن، وەك ئەوەی ڕۆماننووسی فەرەنسی (جاك هینریك) لە ڕۆمانی (بنەمای ژیان- archee)دا کردوویەتی. هەڵبەت ئەم تەکنیکە بە کەڵکی زمانی کوردی نایەت، چونکە ئەلفێی عەرەبی بەکاردەهێنێت، کە ڕێگرە لە تەوزیفکردنی ئەو جۆرە تەکنیکە، بۆیە لە ناسینەوەی دەقی واڵادا، لە ئەدەبی کوردیدا، پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی چڕو قووڵتر هەیە، تا بتوانین پەی بەو شێوازە تایبەتییەی چنینی دەقەکە بەرین، کە نووسەر پەنای بردووەتەبەر. {دەڕوانرێتە: اشكاليه النص المفتوح والمغلق، د.عبدالملك مرتاض، موقع الرياده، http://www.alriyadh.com/2005/24/2/article41940.html.

(1) اشكالية النص المفتوح والمغلق، عبدالملك مرتاض، جريدة الرياض، العدد 13394، 24 فبراير 2005، httpP//www.alriyadh.com/41940

(2) النص المفتوح، رزاق حمادي، جريدة البينة، عدد 616، http://www.albayyna-new.com/archef/616/albayyna-new/page6.html

(3) الأثر المفتوح في غيمة أربطها بخيط لعبدة وازن، محمد العناز، موقع الضفه الثالثة، 28 فبراير 2018، https://www.alaraby.co.uk

(4) النص المفتوح بين الضرورة والانسياب، فارس الفايز، موقع النور، 2011/4/18، http://www.alnoor.se/article.asp?id=111688

(5) الشعر العراقي الحديث بعد الستينات (الرؤية والتحول)، د.علي متعب جاسم، مكتبة مصر ودار المرتضى، بغداد، 2009، ص142- 143.

* هەمان ئەم كێشەیە لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیشدا بەرچاودەکەوێت، واتە فرەزاراوەیی چەمکەکە بوونی هەیە: (الأثر المفتوح، العمل المفتوح، النص المفتوح، قصيده السرد...)، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی -وەك پێشتر ڕوونمان کردووەتەوە- کە زاراوەو چەمکەکە لەبنەڕەتدا زادەی بیری ڕۆژئاواییین.

---

[1] فەرهەنگی هەمبانەبۆرینە، ل905.

[2] فەرهەنگی کوردستان (کوردی- کوردی)، گیوی موگریانی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2017، ل1273.

[3] دەقی ئەدەبی ئەدگار چێژ بەها، د.فوئاد ڕەشید، ل130.

[4] فەرهەنگی دیوانی نالی، مارف خەزنەدار، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2008، ل11.

[5] فەرهەنگی مەردۆخ، ئایەتوڵڵا شێخ موحەمەد مەردۆخی کوردستانی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، خانەی پرتەوبەیان، سنە، 1388ی هەتاوی، ل724.

* پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە بەدەر لە شێرکۆ بێکەس، (ئارام کاکەی فەلاح)یش زاراوەی (چیرۆکی کراوە)ی بۆ هەندێ لە دەقی چیرۆکەکانی خۆی بەکارهێناوە، لەکاتێکدا ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەدەبی گێڕانەوەیی کوردی بدەین، ئەوا پێش ئەم چیرۆکنووسەش دەبینین (چیرۆکی کراوە) بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی کە ئەم چرۆکنووسە دەکاتە خاوەنی ئەم زاراوەیە ئەوەیە، کە لە چەندین چیرۆکدا پەیڕەوی (کراوەیی لە چیرۆکدا) دەکات و هاوکات لە چاوپێکەوتنەکانیشیدا بەئاشکرا ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنێت و بەرگریشی لێ دەکات. {دەڕوانرێتە: نەمری و گێڕانەوە- ڕامان لە بەرهەمەکانی ئارام کاکەی فەلاح، ئارام سدیق، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2012، ل202 }.

* شێرکۆ بێکەس لەبارەی زمانی عەرەبییەوە دەڵێت: "من بە زمانی دووەمی خۆمی ئەزانم، خۆم لەڕێی ئەو زمانەشەوە دونیاکانی تری ئەدەبم ناسی." {دەڕوانرێتە: 955 دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا- دیدارێکی گشتگیرە لە ستۆکهۆڵم ئەنجامدراوە، ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، کوردستان، 2008، ل201}.

[1] کتێبی ملوانکە، شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2007، ل6.

[2] گۆڤاری هەنار، ژمارە (75)، ل66.

[3] يوري لوتمان، بنية النص الفني، ترجمة: عبدي حاجي (د)، الطبعة الاولى، الاكاديمية الكوردية، أربيل، 2018، ص127.

[4] أنفتاح النص الشعري الحديث بين الكتابة والقراءة (مذكرة مقدمة لنيل درجة الماجستير في الادب الحديث)، ص9.

[1] اشكاليات التجنيس بين الخطابين الشعري والسردي، http://www.startimes.com/f.aspx?=21841094

[2] دەڕوانرێتە: شیعرییەت لە دەرەوەی شیعر، زاهیر ڕۆژبەیانی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2005، ل8

[3] تداخل الاجناس وانتهاك الحدود، www.alimbaratur.com

[4] شعر الحداثة من بنية التماسك الى فضاء التشظي، فاضل ثامر، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة والنشر، بغداد، 2012، ص404.

[5] دەڕوانرێتە: یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکوکی، شێرکۆ بێکەس و هەڵۆ شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی، 2016.

[1] دیوانی شێرکۆ بێکەس (کۆی بەرهەم)، بەرگی یەکەم، چاپی سوێد، 2009، ل1.

* یەکەم دەقی واڵای شێرکۆ بێکەس (سرووده بەردینەکان – 2004)ە، کە لەسەر بەرگی دەرەوەی نووسراوە (چیرۆکەشیعر یان تێکستێکی واڵا)، ئەمەش جۆرێك لە دوودڵی شاعیر دەردەخات بەرانبەر بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە. بەدوای ئەوەشدا ئەم بەرهەمانەی دیکەی شاعیر دێن، کە لە ڕووی پێناسی دەقەوە، بە (دەقی واڵا)، بڵاوی کردوونەتەوە: (کورسی– 2005، ملوانکە– 2007، ئێستا کچێك نیشتمانمە– 2011، ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە– 2012). هەروەها (یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی)، کە دەستنووسەکەی بەتەواونەکراویی (لە 2013)ەوە لەپاش خۆی بەجێماو لە ساڵی (2016) (هەڵۆ)ی کوڕی تەواوی کرد. بەدەر لەوە شاعیر لە ساڵی (2004)دا (گۆڕستانی چراکان)ی نووسیوە، کە بە (ڕۆمانەشیعر) ناساندوویەتی، بە بڕوای ئێمە ئەم بەرهەمەش هەر لەو بازنەیەدا دەسووڕێتەوە، چونکە جیاوازییەکی ئەوتۆی شێوازیی و بونیادیی لەم دەقەیدا لەگەڵ ئەوانیتر، کە دواتر بە (دەقی واڵا) ناساندوونی، بەدیی ناکرێت.

[2] دەڕوانرێتە: بنبەست لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا و چەند بابەتێکی تر، ئەحمەدی مەلا، چاپی یەکەم، سەنتەری نما، هەولێر، 2012، ل72.

[3] تجريبية النص المفتوح (نص دائرة الأحتواء للشاعر ولاء الصواف) انموذجا، لينك...

[4] الأسلوبية (مدخل نظري ودراسة تطبيقية)، فتح الله أحمد سليمان (د)، مكتبة الادب، القاهرة، 2004، ص50.

[1] سرووده بەردینەکان، شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2004، ل8.

[2] توێژینەوەی دەق لەڕوانگەی زمان و ئەدەبەوە، عەبدوڵڵا ڕەحمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیریی، هەولێر، 2017، ل82.

[3] کورسی (تێکستی واڵا)، شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2005، ل2.

[4] الكرسي، شيركو بيكس، ترجمە: هيوا عزيز، الطبعة الاولى، دار سردم للطباعة والنشر، سليمانية، 2009، ص11.

[5] کورسی، ل15- 16.

[1] گۆڤاری هەنار، ژمارە (51)، ل12.

[2] سرووده بەردینەکان، ل9- 10.

[3] کورسی، 53- 54.

[1] الكرسي، ص12

[2] کتێبی ملوانکە، ل6.

[3] گۆڤاری هەنار، ژمارە (51)، ل12- 13.

[4] سرووده بەردینەکان، ل115- 116.

[1] کورسی، ل126- 127.

* سیمیۆتیك- سیمیۆلۆژی، ئاماژەگەریی- ئاماژەناسی: بەشێکە لە زانستی زمان و هاوکات میتۆدێکی ڕەخنەیی مۆدێرنیشە، کە لە تێکستی ئەدەبی و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەو نیشانەکان دیاریی دەکات و لێیان دەکۆڵێتەوە.

(2) دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە (1950- 1975 کۆمانجی خواروو)، د.لوقمان ڕەئوف، چاپی یەکەم، دەزگای ئایدیا، سلێمانی، 2016، ل28.
(1) دەڕوانرێتە: هەمبانەبۆرینە، ل414.
(2) مرۆڤ و هێماکانی، کارڵ گۆستاڤ یۆن، وەرگێرانی: ڕوقسە سەییدی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، 2019، ل285.
(3) سرووده بەردینەکان، ل63.
(4) سرووده بەردینەکان، ل62.
* گەلی بەدران: لە ناوچەی باڵەکایەتییە و ئەکەوێتە ناوەندی ئەوڕیزە چیایەوە، کە لە (مامەڕووتە)وە درێژ ئەبێتەوە، نزیکترین شوێن لێیەوە ناحییەی (گەڵاڵە)یە. (دڕوانرێتە: نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش (ژیاننامەو بیرەوەریی شێرکۆ بێکەس)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2013، ل145- 149).
(1) کورسی، ل10- 20.
(2) دەڕوانرێتە: مرۆڤ و هێماکانی، کارڵ گۆستاڤ یۆن، وەرگێرانی: ڕوقسە سەییدی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، 2019، ل283.
(1) سرووده بەردینەکان، ل76.
(2) کورسی، ل259.
(3) دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە، ل29.
(1) سرووده بەردینەکان، ل73.
(2) گۆڤاری هەنار، ژمارە (51)، ل18- 19.
(3) کورسی، ل84- 85.
(4) دورق الالوان، شیركو بيكس، ترجمة وتقديم: شاهو سعيد، الطبعة الاولى، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، 2009، ص33.
* لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا هێشتا وەکوو زاراوە بۆ (بیۆگرافی- سیرة)، زاراوەیەکی جێگیرمان نییە و هەر (ژیاننامە)ی بۆ بەکاردەهێنرێت، لەکاتێکدا ئێمە (ئۆتۆبیۆگرافی)یشمان هەیە، کە تەواو جیاوازە لەوەی یەکەمیان. لە (بیۆگرافی)دا نووسەر باس لە ژیان و بەسەرهاتی کەسانی تر دەکات، بەڵام لە (ئۆتۆبیۆگرافی- السيرة الذاتية)دا نووسەر خۆی چیرۆك و بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەنووسێتەوە. (بۆ زانیاریی زیاتر، دەڕوانرێتە: فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی و ئەدەبی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2011، ل268- 273).
(1) الشعر العراقي المعاصر (الرؤية وانساق التشكيل (دراسة نقدية في شعر جيل السبعينات)، علي متعب جاسم، الطبعة الاولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان، 2013، ص133.
** خەزعەل ماجیدی لە کتێبی (العقل الشعري)دا، بەجوانی تیۆریزەی دەقی واڵای لە ئەدەبی عەرەبیدا کردووە، هەر لەو بەستێنەشدا چەند جۆرێکی بۆ دەقی واڵا دەستنیشان کردووە، وەك: (دەقی بیۆگرافی، دەقی یاریی، دەقی جێندەر، دەقی دەستنووس، دەقی ڕیپۆرتاژ، دەقی ناوەکی). ئەوەی جێگەی سەرنجە شێرکۆ بێکەس لە ئەزموونی بەرهەمهێنانی دەقی واڵادا، چووەتەوە سەر ئەو جۆرانەی دەق، کە لە دابەشکردنەکەی ئەلماجیدیدا بەرچاو دەکەون، هەر بۆ نموونە: دەتوانین دەقی واڵای (ملوانکە) بە دەقێکی جێندەریی لەقەڵەم بدەین، بەوپێیەی تەنانەت خودی شاعیر خۆیشی ئەوەی نەشاردووەتەوە، کاتێك لە پێشەکییەکەیدا دەنووسێت: ((ملوانکە نوێترین تێکستی درێژی منە، کتێبی ژنە.)) دەڕوانرێتە: (ملوانکە، شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2007، ل6-7.) هەڵبەت ئەمە بەئاگایی یان بێئاگایی بوویێت، ئەوا دەتوانرێت لەڕێگەی توێژینەوەی زانستییەوە باشتر بسەلمێنرێت.
(1) ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2006، ل119.
(2) کورسی و بەها درامییەکان (لێکۆڵینەوەیەك لە چامەی واڵای کورسی-ی شێرکۆ بێکەس)، ئەحمەد سالار، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2009، ل32.
(3) ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی)، ل119.
(4) دەڕوانرێتە: تداخل الفنون في شعر سعدي يوسف، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة- العراق، بغداد، 2013، ص87.
(1) بۆ زانیاریی زیاتر، دەڕوانرێتە: ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، 1967، ل141.
(2) فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، نەوزا ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، 2015، ل101.
(3) کتێبی ملوانکە، ل6.
(4) العقل الشعري، خزعل الماجدي، الطبعة الاولى، النايا للطباعة والنشر، سورية- دمشق، 2011، ص387.
(5) بۆ زانیاریی زیاتر، دەڕوانێتە: ئەزموونی خوێندنەوە چەند لاپەڕەیەکی رەخنەیی، ل119.
* ئەم تێگەیشتنە بوونگەراییە بۆ دەقی واڵای (کورسی)یش گونجاوە.
(1) سرووده بەردینەکان، ل8- 9.
(2) سرووده بەردینەکان، ل74- 75.
* ئایکۆن **Icon**: لە بنچینەدا وشەیەکی یۆنانییە و بە واتای وێنە یان لێکچوو یان نووسینی پیرۆز دێت. لە ئاستی سیمیۆلۆژیدا ئایکۆن بریتییە لە بەڵگەیەك، کە هەڵگری سیفەتێك یان چەند سیفەتێکەو لەڕێی ئەو سیفەتانەوە

دەمانگەیەنێت بەو واتا یان بابەتەی کە ماناکەیمان دەداتێ. (بۆ زانیاریی زیاتر، دەڕوانرێتە: دەقی شیعریی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە، ل162.)
[1] سرووده بەردینەکان، ل15-16.
[2] ئەزموونی خوێندنەوە چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، ل121-122.
[3] سرووده بەردینەکان، ل88-89.
[1] سرووده بەردینەکان، ل70.
[2] دەڕوانرێتە: البناء السردي في شعر شيركو بيكەس، فاضل عبود التميمي (د)، الطبعة الاولى، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، 2008، ص64.
[1] کورسی، ل14-15.
[2] کورسی، ل54-55.
[3] بۆ زانیاریی زیاتر، دەڕوانرێتە: کۆماری ئەفلاتۆن، ئەفلاتۆن، وەرگێرانی: محەمەد کەمال (د)، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2009، ل321-349.
[1] کورسی، ل86-87.
[2] شیعری کراوە لە ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا، سەڵاح حەسەن پاڵەوان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2010، ل61.
[3] کورسی، 86- 88.
[4] کورسی، ل4.
[1] کورسی، ل148-150.
[2] العقل الشعري، ص387.